زنجیره نامیلکەکانی چاوی کورد ژمارە (23)

کاریگەری پرسە ناوخۆییەکان لەسەر

# سیاسەتی دەرەوەی ئێران

ناڕەزایەتییەکانی 2022 وەک نمونە



نوسینی

شەڤین محەمەد عەلی عەبدوقادر

چاوی کورد

ناوەندی چاوی کورد بۆ پەرەپێدانی سیاسی

Chawy Kurd Center for Political Development

کاریگەری پرسە ناوخۆییەکان لەسەر

# سیاسەتی دەرەوەی ئێران

نارەزایەتییەکانی ٢٠٢٢ وەک نمونە


نوسینی:

شەڤین محەمەد عەلی عەبدوقادر



ناوەندی چاوی کورد بۆ پەرەپێدانی سیاسی

Chawy Kurd Center for Political Development

چاوی کورد
www.chawykurd.com

**ناوی کتێب:** کاریگەری پرسە ناوخۆییەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران

**بابەت:** سیاسەتی هەرێمایەتی/ ئێران ناسی

**ناوی نوسەر:** شەڤین محەمەد عەلی عەبدولقادر

**ناوی وەرگێڕ:**

زنجیرەی: بیست و سێ

**ساڵی بڵاوکردنەوە:** 2024

**دیزاینەر:** ئاسۆ عیزەدین

**لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی چاوی کورد بۆ پەرەپێدانی سیاسی.**

Chawy kurd Center for Political Development

2024

# ناوەندی چاوی کورد بۆ پەرەپێدانی سیاسی

ناوەندێکی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی قازانج نەویستە، کاردەکات بۆ پەرەپێدان وقوڵکردنەوەی هۆشیاری سیاسیی گشتگیر لەکۆمەڵگای کوردستاندا، لەڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستی لە بواری سیاسی و فەرهەنگی و ڕوناکبیریدا، بەئامانجی پێگەیاندنی هاوڵاتی کوردستانی لەسەر بنەمای نیشتمانپەروەری و شانازی نەتەوایەتی، بەدور لە دەمارگیری، لەگەڵ دورکەوتنەوە لە خۆبەکەمزانین لەبەرانبەر ئەوانی تردا» ناوەندی چاوی کورد، دەیەوێت پرۆسەی (دەوڵەتسازی و نەتەوەسازی و نیشتمانسازی) بکات بە خەمێکی گشتیی و لە کایەی مەعریفەی گشتیدا بیچەسپێنێت، بەجۆرێك کە خزمەتی ئامانجە سەرەکیەکەی خەباتی هاونیشتمانیانی کوردستان بکات کە گەیشتنە بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

ناوەندی چاوی کورد بەئەرکی خۆیی دەزانێت کاربکات لەپێناو پەرەپێدان و چاودێریکردنی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا، هاوکات کاردەکات بۆ قوڵکردنەوەی کەلتوری پێکەوەژیان و قبوڵکردنی جیاوازییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەدوور لە جیاکاری ڕەگەزی، ئاینی، نەتەوەیی و ئایدۆلۆژی. تەنها لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون.

ناوەندی چاوی کورد ماڵی گشت توێژەران و ئەکادیمیستە دڵسۆزەکانی کوردستانە، دوانگەی بیروڕا و سەکۆی خستنەڕوی هزر و کارە زانستییەکانیانە. لەساڵی ٢٠١٨ دامەزراوە و ئۆفیسەکەی لە شاری سلێمانیە.

ناوەندی چاوی کورد بۆپەرەپێدانی سیاسی
Chawy kurd Center for Political Development

# پێشەکی

ئێران یەکێک لەو وڵاتە هەرێمایەتییە گەورانەی، کە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ناوچەکە هەیە؛ ئەم کاریگەرییەش لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی دیکە جیاوازبووە، ئەم جیاوازییەش بەشێکی پەیوەست بووە بە ئاستی سەقامگیری بارودۆخی ئێران، چ لەسەر ئاستی نێوخۆیی، یان لەسەر ئاستی دەرەکی، هەربۆیە ڕەوشی ناوخۆی وڵاتێکی ئاڵۆزی وەک ئێران، خوێندنەوە تێیدا ئاسان نییە، بەشێوەیەک کە بۆ تێگەیشتن لە ئاراستەی سیاسەتی نێوخۆیی ئێران، پێویستمان بەدیدگایەکی فراوان دەبێت بۆ سیستەمی سیاسیی، پەیوەندی نێوان باڵە سیاسییەکان، کێشەی کورد، و پرسی ئازادی و مافەکان، گوشاری ئابووری و..هتد، فاکتەرە جوڵێنەرەکانی رەوشی ناوخۆیی ئێرانن، هەر گۆرانکارییەک لە هەر یەکێک لەم فاکتەرانە، کۆی روخساری کۆماری ئیسلامی ئێران دەخاتە دۆخی گۆرانەوە، بەشێوەیەک کەوا هەموو جومگەکانی دەوڵەتەکە پێویستیان بە جووڵە دەبێت بۆ

پەرپەچدانەوەو خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی نوێ، بەتایبەت ئەگەر ئەم گۆرانکارییە پەیوەندی بە پایە و پرەنسیپە پێکهێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی هەبێت.

لە ماوەی چەند دەیەی رابردوو پرسی ئازادیی ومافەکان لەلایەک، وە گوشارە ئابوورییەکان لەلایەکی ترەوە، پانتاییەکی زۆری لە قەیرانی نێوخۆیی ئێران داگیرکردووە، بۆیە؛ بینیومانە خەڵکی ئەم وڵاتە لە چەندین بۆنە و بە چەندین شێوە نارەزایەتیان دەربڕیوە، وە ئاستی نارەزاییەتییەکانی گەیاندۆتە ئاستی هەڕەشە لەسەر رووخانی رژێمە سیاسییەکەی؛ ئەمەش کاریگەری جۆراوجۆری دروست کردووە لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئاستی دەرەوەدا؛ بەتایبەتتر کاریگەری هەبووە لەسەر توانای حکومەتی ئێران بۆ گرنگیدان بە کاروباری ناوخۆ و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دەرەوە، هەروەها رەنگە نارەزایەتییەکان ببنە هۆی گۆڕانکاری لە ئەولەویەتە سیاسییەکانی حکومەت و ڕەنگە زیاتر سەرنج بدەنە چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان نەک

دەستوەردان لە کاروباری دەرەوە، بەڵام کاریگەری نارەزایەتییەکان لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەندە بە زۆر فاکتەری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کە دەتوانێت لەگەڵ گەشەی ڕووداوەکاندا بگۆڕدرێن.

## گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە گرنگی بە کاریگەری گۆڕانکارییە ناوخۆییەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەدات، هەروەها هەڵسەنگاندن بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکات لە چوارچێوەی نارەزایەتییەکانی ناوخۆیی ئەو وڵاتە و ئەمەش دەتوانێت روانگەیەکی نوێ بێت بۆ خوێندنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نارەزایتیەکان لە ئێران و پاشان کاریگەری ئەم نارەزایەتیانە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی شرۆڤە بکات و بۆ ئەم مەبەستەش دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

## پرسیاری توێژینەوە:

پرسیاری سەرەکی: ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٢٢ ی ئێرانیەکان چ کاریگەرێکی هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران ؟

## پرسیاری لاوەکی :

١- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ناڕەزایتیەکان لە ئێران بەشێوەیەکی بەردەوام چییە؟

٢- ئایا ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٢٢ (ژن، ژیان، ئازادی) هیچ لێکەوتەیەکی لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی ئەو وڵاتە هەبووە؟

## گریمانەی توێژینەوە:

ناڕەزایەتییەکانی ئێران کاریگەریان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەبووە و وایکردووە کە کۆماری ئیسلامی هاوتەریب لەگەڵ سەرکوتکردنی ناوخۆیی لە ئاستی دەرەوە هەوڵی کەمکردنەوەی بارگرژییەکان و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە بدات و تەنانەت گەرێکی نوێی دانووستان لەگەڵ ئەمریکا دەستپێبکات.

## میتۆدی توێژینەوە:

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی (وەسفی-شیکاری) بەکار دێنین و بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش کەڵک لە سەرچاوەکانی کتێبخانە و ئینتەنێت وەردەگرین.

## پێکهاتەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت، لە بەشی یەکەم باس لە سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکەین لە میانەی چەند باسێکەوە کە خۆی دەبینێتەوە لە بنەما و چوارچێوەی سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران و کاریگەری سیستەمی سیاسی ئێران لەسەر سیاسەتی دەرەوە.

لە بەشی دووەم باسی خۆپیێشاندان و نارەزایەتی ئێرانییەکان لە دژی سیستەمی سیاسی دەکەین، کە بەگشتی تیشک دەخەینە سەر مێژووی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان لە دوای شۆرشی ١٩٧٩، هۆکار و پاڵنەرەکانی نارەزایەتی لە ئێران لە دژی سیستەم:

هۆکارە کۆمەڵایەتی و سیاسی وئابوورییەکان و...هتد، و سەرهەڵدان و پاڵنەر و هۆکارەکانی خۆپیشاندانیساڵی ٢٠٢٢.

لە بەشی سێیەم و کۆتاییدا باسی کاریگەری نارەزایەتییەکانی ٢٠٢٢ لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکەین، لە میانەی چەند تەوەرێکی سەرەکیەوە وەک کاریگەری نارەزایەتییەکان لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی و کاردانەوەی حکومەت لەهەمبەر داواکارییەکان، کاریگەری نارەزایەتییەکان لەسەر سیاسەتی هەرێمایەتی، دواتریش کاریگەری نارەزایەتییەکان لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی ئێران.

# (١) سیستەمی سیاسی وسیاسەتی دەرەوەی ئێران

ئەم بەشە لە چەند تەوەرێکی سەرەکی پێکدێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## (١-١) بنەما وچوارچێوەی سیستەمی سیاسی لە ئێران

ژیانی سیاسی لە هەر کۆمەڵگایەک لەسەر بنەمای لایەنگیر ونەیار دامەزراوە بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵگایە لەسەر پێی بوەستێ، بۆیە شاه هەڵە بوو کە پێی وابوو قەدەغەکردنی ئۆپۆزسیۆن دەرئەنجامی ئەرێنی دەبێ ئەگەر دەرئەنجامی ئەرێنیشی هەبێت ئەوە بۆ ماوەیەکی کورتە، بۆیە پلانەکانی شا شکستی هێنا لە بەدیهێنانی شۆڕشی سپی کە پشتی دەبەست بە نەوت و پاڵپشتی ڕۆژئاوا، وە شکستی هێنا لەوەی چاکسازیی هێزی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لەبەر چاو بگرێت، کە کۆمۆنیستەکان و نەتەوەییەکان لە دژی دەسەلاتی شاه بوون وئەو گەندەڵییە سیاسیەی کە هەبووە، ئەمەش بووە هۆکار بۆ زیادبوونی نارەزایەتییەکان لە دژی شاه،

هەروەها بارودۆخی ئابوری سەخت کە بەهۆی پرۆژە پیشەسازییە گرانبەهاکان دروست بوو کە بوەهۆکاری دروستبوونی هەڵاوەسان، لە کۆتایی حەفتاکان بارودۆخی ئابوری وکۆمەڵایەتی وسیاسی بە جۆرێک بوون کە بووە دەرفەتێک بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٩ (عوض، ٢٠١٦: ٢٠١٤-٢٠٢٠).

لە ٣٠ ی ئازاری/١٩٧٩ لە ئێران ڕاپرسییەک ئەنجامدرا دەربارەی جۆری حوکمڕانی، فۆرمی ڕاپرسییەکە تەنها یەک پرسیاری دەگرتە خۆی، ئەویش بریتی بوو لە (بەکۆماری ئیسلامی ڕازی یاخود نا)، لەم ڕاپرسییە نزیکەی بیست ملیۆن کەس بەشداری کرد، وبەڕێژەی (٩٧%) بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە (فاتح، ٢٠١٨: ٦٥).

کەواتە ناتوانین لە سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران تێبگەین، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو بەستێنە گشتییانەی کە شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، لە ڕێگەیەوە سەریهەڵدا کە لەبەرامبەردا سیستەمێکی سیاسی دامەزراند، کە لەڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە جیاوازە لە ئەوانی دیکە گەر کەمێک بگەڕێینەوە دواوە،

گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە کە شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران کە لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕوویدا، ڕێگایەکی جیاواز لە مۆدێلی شۆڕشگێڕانەی گرتەبەر کە لەو سەردەمەدا لە جیهانی سێیەمدا زاڵ بوو، کە بەشۆڕشی دژ بە سیستەمی سەرمایەداریی لایەنگری ڕۆژئاوا و دامەزراندنی ڕژێمی تۆتالیتاری سۆشیالیستی نوێنەرایەتی دەکرا؛ کەواتە شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەلایەن بلۆکی سۆشیالیستەکانی ڕۆژهەڵات ڕێکنەخرابوو، بۆ دژایەتی کردنی بلۆکی ڕۆژئاوای سەرمایەداری، بەڵکو ئەم شۆڕشە لە قوڵایی کۆمەڵگەی ئێرانەوە سەریهەڵدا، و ئامانجی ئەم شۆڕشە دامەزراندنی سیستەمێکی ئیسلامی بوو (نصح، ٢٠١٦).

مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامی(*) شوناسێکی ئایینی و فەرهەنگی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران پێکهێنا، و یەکێک

---

(*) شیعەی دوانزە ئیمامی، یان شیعەی ئیمامی، تایفەیەکن لە مەزهەبی شیعی، پێیان وایە ئیمامەتی خەڵک مافی عەلی کوڕی ئەبی تالیب و کوڕەکانیەتی وە خەڵک بە گشتی پێویستی بە ئیمامێک و پێشەوایەکە و چاوەڕێی دەکەن کە لە کۆتایی زەمان بۆیان دەردەچێت، وە بە گوێرەی عەقیدە و تێڕوانینی

لە دیارترین دیاریکەرەکانی سیستەمی سیاسی و سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی بوو، چونکە ئایین لە مێژووی سیاسی و فەرهەنگی ئێرانەوە لە دوای فەتحی ئیسلامی بۆ سەر ئیمپراتۆرییەتی فارس، لە ڕێگەی دامەزراندنی ژمارەیەک دەوڵەتی زەیدی، ئیسماعیلی، و شیعەی دوانزە ئیمامی هاتۆتە ئاراوە؛ دەوڵەتی شیعە، ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی و پەسەندکردنی عەقیدەی دوانزە ئیمامی وەک دوکتورینێکی(عقيدة) دەوڵەتی، بەخشینی شەرعیەتی ئایینی و سیاسی و بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێرانی هاوچەرخ لە ساڵی ١٩٧٩، و

---

شیعەی دوانزە ئیمامی، ئیمامەتی و پێشەوایەتی مافی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب و کوڕەکانیەتی وەک: الحسن کوڕی عەلی و الحسین کوڕی عەلی زین العابدین علی کوڕی الحسین و محمد کوڕی عەلی الباقر و جعفر کوڕی محمد الصادق و موسا کوڕی جعفر **الكاظم** و علی کوڕی موسا **الرضا** و محمد کوڕی عەلی الجواد و عەلی کوڕی محمد الهادی الحسن کوڕی عەلی العسکری و محمد کوڕی الحسن المهدی کە ئیمامی دوانزەهەمە. بڕوانە: (الكاتب، ٢٠٠٥: ١٥٤). هەروەها بڕوانە: (الباكستاني، ١٩٩٥: ٢٦٩).

دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی بە پێی تیۆری (ولاية الفقيه) لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینیەوە، بۆیە گومانی تێدا نییە کە دامەزراندنی دەوڵەتییێکی مەزهەبی لە ئێراندا بە پێی تیۆری ( ولاية الفقيه)، ئایینی وەک ئەکتەرێکی سەرەکی لە سیاسەت و کۆمەڵگا و کولتووری ئێراندا دامەزراندووە، یەکەمیان، بەهۆی دەستپێکردنی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی لەکۆماری ئیسلامی لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٧٩، و دووەمیش لە ئەنجامی بەستنەوەی نەتەوەی ئێران بە پەیوەندییەکی پیرۆز و میتافیزیکیی (غيبي) ئایینی لە ڕێگەی ڕەچاوکردنی دەوڵەت بە پێویستبون بە ئیمامی نادیار(مەهدی)، لە ڕێگەی ڕێبەرایەتیی (فقهي)، کە بە جێگری ئیمامی مەهدی لە سەردەمی نادیاربونی، و دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە بە پێشەکییەک بۆ دەرکەوتنی مەهدی لە کۆتایی زەمان، بۆ ئەوەی زەوی پڕ بکات لە دادپەروەری وەک چۆن پڕ بوو لە نادادپەروەری ( مزاحم، ٢٠١٧: ١١).

دەتوانین بڵێین سیستەمی سیاسی لە ئێرانەوە بەسیمای ئاینی خۆی تایبەتمەندە، کەلەسەر بناغەی حکومەتی ئیسلامی دامەزراوە، کە بیرۆکە وتیۆری (ولاية الفقيه) وەکو بنەماییکە بۆ حوکمڕانی لەم وڵاتەدا، بە گوێرەی پێکهاتەی ئەم سیستەمە، دامەزراوە دەستورییەکانی ئەم وڵاتە لە دامەزراوەی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) پێکهاتووە، لەگەڵ دامەزراوەی تر کە سەربەخۆن لەم سێ دەسەڵاتە، دەستوری ئێران پێکهاتە و دەسڵاتەکانی ئەو دامەزراوانە دیاریکردووە، وئەرکەکانیان بەشێوەیەک دیاریکردووە کە لەگەڵ یەکتردا بگونجێت، هەرچەندە لە دۆخێکدا ئەگەر دەسەڵاتەکانی ئەم دامەزراوانە یەکتر ببڕن، ئەوەش بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە کە لەنێوان دامەزراوەکاندا روودەدات، ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئەم کێشانە چارەسەردەکات و یەکلایی دەکاتەوە، ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی نوێنەرایەتی بەرزترین لوتکەی هەرەمی سیستەمی سیاسی ئێران دەکات، بەرجەستەکردنی واقیعیانەی بیرۆکە و پرەنسیپی (ولاية

الفقيه) کە ئەم سیستەمە لەسەری بنیات نراوە، وە دەستووری ئێران دەسەڵاتی یاسایی و دەستووری بەرفراوانی پێ بەخشی، کە توانی زاڵ بێت بەسەر هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا (العبيدي، ٢٠٠٨: ١).

## (١-١-١) بەرپرسیارێتی ودەسەڵاتەکانی ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی (رێبەر):

١. دانانی سیاسەتە گشتییەکانی دەوڵەت بەڕاوێژ لەگەڵ کۆمەڵەی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی سیستەم.

٢- سەرپەرشتی لەسەر جێبەجێکردنی سیاسەتی دەوڵەت.

٣- دەرکردنی بڕیاری ڕیفراندۆم.

٤-سەرکردایەتی کردنی هێزە چەکدارەکان.

٥- ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشتی و نەفیری عام.

٦- دەسەلاتی دامەزراندن ولادانی هەر یەک لە:

أ-فەقیهەکانی ئەنجومەنی پارێزەری دەستوور(شورای نگهبان قانون اساسی).

ب-بەرزترین بەرپرس لە دەسەلاتی دادوەری.

ج- سەرۆکی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن.

د-سەرۆکی ئەرکان.

هـ- سەرۆکی گشتی هێزەکانی پاسەوانی شۆڕشی ئیسلامی (پاسداران).

و- سەرۆکی باڵای هێزە چەکدارەکان و هێزی ئاسایشی ناوەخۆ.

٧- دەسەڵاتی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان سێ دەسەڵاتەکە (دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری)و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوانیان.

٨- چارەسەرکردنی گرفتەکانی کە ڕووبەڕووی سیستەمی سیاسی دەبێتەوە کە لەوانەیە ئەستەمبێت دامەزراوەکانیتر بتوانن چارەسەری بکەن.

٩- پەسندکردن و جێگیرکردنی بڕیاری هەڵبژاردنی سەرۆکی کۆمار، دوای هەڵبژاردنی لەلایەن گەل.

١٠- لادانی سەرۆکی کۆمار، پاش ئەوەی کە دادگای باڵا بڕیاری دا کە سەرۆک کۆمار پابەند نەبووە بە جێبەجێکردنی ئەرک و وەزیفە یاساییەکانی، یاخود پاش بەیانی ڕای ئەنجومەنی شوڕای ئیسلامی (پەرلەمان) کە سەرۆک کۆمار توانستی سەرۆکایەتی نییە.

١١- لێبوردن وسوککردنی سزاکان، ئەویش دوای بەیانی ڕای سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری (العبيدي، ٢٠٠٨: ٣-٤).

## (١-١-٢) سەرۆکی کۆمار

سەرۆکی کۆمار – بە پێی مادەی ١٣ ی دەستوور – لە دوای "ڕابەری باڵا " باڵاترین دەسەڵاتە لە دەوڵەتدا، بۆ دوو خول هەڵدەبژێردرێت کە هەر خولێک چوار ساڵە، ئازادی جووڵەی لەلایەن کۆمەڵێک دەزگای هەڵنەبژێردراوەوە سنووردار دەکرێت، کە زۆربەیان ئەوەی کۆنترۆڵی دەکەن کەسایەتییە ئاینییەکانن کە گرنگترینیان ئەنجومەنی پارێزەرانی دەستوورە، هەروەها، سەرۆک کۆمار بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی ڕۆژانەی کاروباری وڵات، جگە لەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی دەکات، کە سیاسەتی بەرگری و ئەمنی هەماهەنگی دەکات، سەرۆک کۆمار دەتوانێت ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتەکانی دەرەوە واژۆ بکات و دانانی باڵوێز پەسەند بکات، هەروەها هاوکاری دەکرێت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران یان حکومەت (پۆستی سەرۆک وەزیران بە هەموارکردنی دەستوری ساڵی ١٩٨٩ هەڵوەشایەوە) (الجزيرة، ٢٠١٧).

## (٣-١-١) ئەنجومەنی شورای ئیسلامی

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان هەڵبژاردنی تاکەکەسین نەک حیزبی (واتە جەماوەر تاکە کەس هەڵدەبژێرێ نەک حیزب)، و چونکە هەڵبژاردنەکان تاکەکەسین، ناکرێت ئەندامێکی پەرلەمان جێگاکەی خۆی بداتە یەکێکی تر، وە دەوڵەتی ئێران وەکو دەوڵەتێکی ئایدیۆلۆژی پێناسەدەکرێ و جەماوەر دەرفەتی ئەوەی نییە هەڵبژاردن لە نێوان ئایدیۆلۆژیە جیاجیا و جیاوازەکاندا بکات، چونکە ئایدیۆلۆژیا هەر یەکێکە و بۆ هەتا هەتاییی هەر ئەوەیە کە هەیە (یەرپە، ٢٠٠٤: ٤٦-٤٧).

ئەنجومەنێکی یاسادانان و چاودێرییە و لە ٢٩٠ کورسی پێکهاتووە، خولی پەرلەمانییەکەی چوار ساڵ دەخایەنێت، ئەنجومەن دەسەڵاتی دەرکردنی یاسا لە چوارچێوەی دەستووردا هەیە، هەروەها بانگهێشتکردن و لێپرسینەوە لە وەزیرەکان و سەرۆک کۆمار، هەروەها بەرپرسیارە لە پێدان و لێسەندنەوەی متمانە لە حکومەت، و پەسەندکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان،

بەڵام لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی پارێزەران (مجلس صيانة الدستور) دەمێنێتەوە (الجزيرة، ٢٠١٧).

## (١-١-٤) ئەنجومەنی پارێزەرانی دەستوور

لە دەستووری ئێراندا هاتووە کە ئەنجومەن دوانزە ئەندام لەخۆدەگرێت: شەش فەقیهی موسڵمان، "ئاگادار لە پێداویستییەکانی ئێستا و پرسەکانی ڕۆژ، کە لەلایەن"ڕێبەری باڵا"ی شۆڕشی ئیسلامییەوە هەڵدەبژێردرێن و شەش یاسادانەر، تایبەتمەند لە لقە جۆراوجۆرەکانی یاسادا، هەڵدەبژێردرێن لە نێو ئەو یاسادانەرە موسڵمانانەی کە لەلایەن سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەرییەوە دەپاڵێودرێن و پاشان لە پەرلەمان(ئەنجومەنی شورای ئیسلامی) دەنگیان لەسەر دەدرێت، ئەنجومەنەکە دەسەڵاتی فراوانی هەیە، بەرپرسیارە لە راڤەی دەستوور، و سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شارەزایانی رێبەری، سەرۆکایەتی ئێران و ئەنجومەنی یاسادانان، هەروەها بەرپرسیارە لە پەسەندکردنی کاندیدەکان لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەدا، و "دڵنیابوونەوە لە گونجاوی یاسای

پەسەندکراوی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی، لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام و دەقەکانی دەستوور"، واتە دەسەڵاتی گەڕاندنەوە و ڕەتکردنەوەی ئەو یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکراون هەیە (المعرفة، ٢٠٢١).

## (١-١-٥) ئەنجومەنی شارەزایانیرێبەری
## (مجلس خبراء القیادة)

بەشی هەشتەمی دەستووری ئێران بە وردی باس لە ئەرکەکانی ئەنجومەنی شارەزایانی ریێبەری دەکات کە بەم شێوەیە کورت دەکرێنەوە: هەڵبژاردنی ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی، ئەنجومەن مافی ئەوەی هەیە ڕێبەری باڵا لە کارەکەی دووربخاتەوە ئەگەر سەلمێندرا کە ناتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات یان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خۆی لەدەستداوە کە لە مادەی ١١٠ی دەستور بەشی هەشتەمدا هاتووە، هەروەها لە ئەگەری مردنیدا کەسێکی دیکە دەستنیشان دەکات، سەبارەت بە پڕۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەزایان، ئەوە لە ڕێگەی هەر پارێزگایەکی ئێرانەوە بە هەڵبژاردنی چەند نوێنەرێک لە ئەنجومەنەکەدا ئەنجام دەدرێت، ئەگەر ژمارەی دانیشتووانی لە یەک ملیۆن زیاتر بێت، مافی ئەوەی هەیە بۆ هەر ٥٠٠ هەزار کەس نوێنەرێکی زیادە هەڵبژێرێت، و هەڵبژاردن بە دەنگی ڕاستەوخۆی

جەماوەری ئەنجام دەدرێت، و ماوەی ئەنجوومەنی شارەزایان ٨ ساڵە (المیادین، ٢٠٢٠).

## (١-١-٦) ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوندییەکانی سیستەم :

ئەم ئەنجومەنە لەسەر فەرمانی سەکردە پێکدێت کە خۆی ئەندامەکانی دادەمەزرێنێ، چاودێری ئەو کێشانە دەکات کە لە نێوان هەردوو ئەنجومەنی ڕاوێژ وپارێزەرانی دستور سەرهەڵدەدات، کەواتە وەک ناوبژیوانێک لە نێوان هەردوو ئەنجومەنەکە مامەڵە دەکات لە ئەگەری سەرهەڵدانی قەیرانێک لە نێوانیاندا( بە پێ مادەی ١١٢ی دەستور) (موسی وعتریسی، ٢٠٠٨: ٨١).

## (١-١-٧) ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی:

لە سەرۆکی هەرسێ دەسەلاتی (یاسادانان وجێبەجێکردن ودادوەری )، ولە سەرۆکی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان، ولە وەزیرەکانی ناوخۆ ودەرەکی وئاسایش پێکدێت، وسەرۆک کۆمار سەرۆکایەتی ئەم ئەنجومەنە دەکات (موسی وعتریسی، ٢٠٠٨: ٨٢).

## (١-١-٨) دەسەڵاتی دادوەری:

دەسەڵاتی دادوەری لە ئێران کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئایەتوڵڵا خامنەیی ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە کۆنترۆڵکردن و پاراستنی بەردەوامیی حوکمڕانیدا بەر لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لەساڵی ١٩٧٩، محەممەد ڕەزا شا پەهلەوی، دوایین پاشای ئێران پێش ڕووخانی، لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە هەندێک نوێکاری و چاکسازی لە سیستەمی دادوەری لە ئێراندا بکات وەک بەشێک لەو شتەی کە ناوی لێنابوو "شۆڕشی سپی" (علي، ٢٠٢١).

بەپێی دەستور، سیستەمی سیاسی لە ئێران لەسەر بنەمای ئایین وسەروەریی وبێ ئەملا وئەولای خودا دامەزراوە، هاوڵاتیان بە زۆر ناچار دەکەن کە پەیڕەوی لە فەرمانەکانی خودا بکەن، هەر جۆرە سەرپێچیەک لە فەرمانەکانی خودا (بە تفسیری ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی) سزایی بۆ دیاری کراوە، وە دەسەڵاتی دادوەری لە ئێراندا زۆر لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان وجێبەجێکردن بەهێزترە نەک هەر سەربەخۆ نیە بەڵکو

بەتەواوی لە ژێر دەسەڵاتی وەلی فەقیهـ دایە و تەواوی دادوەرەکان و سەرۆکی دادگاکان لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان خۆیەوە دەستنیشان دەکرێن (هەردی، ٢٠١٩: ٤٨).

## (٢-١) چوارچێوە و بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران

چوارچێوە و بنەماکانی سیاسەتی دەرەوی کۆماری ئیسلامی ئێران، بریتین لەمانەی خوارەوە:

### (١-٢-١) چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران

لە ڕاستیدا یەکێک لە ئاڵۆزترین پرسەکان، پرۆسەکانی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەیە لەسەردەمی ئەمڕۆی دەوڵەتاندا بەگشتی، هەروەها سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەتایبەتی، چونکە لە ڕاستیدا سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەرکەوتە یاخود دەرئەنجامی کارلێکی نێوان کۆمەڵێک دامەزراوەی سەرەکی و لاوەکین لە کۆماری ئیسلامی ئێران، کە گرێدراون بە کۆمەڵێک فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی، هەروەک لە دەستوری ئێراندا بەتایبەتی لە ماددەکانی ١٥٢-١٥٣-١٥٤

بەشێوەیەکی سەرەکی و گشتی دەبینین، کە چەمکە سەرەکییەکانی سیاسەت و ئاراستەکانی دەرەکی کۆماری ئیسلامی ئێران تیایدا خراونەتە ڕوو؛ بۆنمونە: مادەی ١٥٢ باس لەوە دەکات کە سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامی ئێران بوونیاد دەنرێ لەسەر؛ ڕەتکردنەوەی هەر جۆرێک لەجۆرەکانی خۆزاڵکردن یان ملکەچبوون و پارێزگاریکردن لەسەر سەربەخۆیی تەواو لەسەر خاک و سەروەری دەوڵەت و بەرگریکردن لێی، وە پاڵپشتی و بەرگریکردن لەسەر مافی هەموو موسڵمانان، هەروەها لایەنگیری نەکردن بۆ هێزە بالادەستەکان و تەبەنیکردنی پەیوەندی ئاشتیانەی نێوان دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتە ئاشتی خوازەکان (حسێن، ٢٠١٨: ٤٣٨).

لە ماددەی ١٥٣ باسی ئەوە دەکات، کە هەر ڕێککەوتنامەیەک ببێتە مایەی هەژموون و بالادەستی بیانی، لەسەر سەروەت و سامانی پیشەسازی و ئابووری و ڕۆشنبیری و سوپایی و کاروباری تر، ئەوە بەهەموو شێوەیەک قەدەغە و ڕەتدەکرێتەوە، وە لە

ماددەی ١٥٤دا هاتووە، کەوا ئامانجی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران خۆشگوزەرانی مرۆڤە لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکان، وە بەم جۆرە دەبینێت کە سەربەخۆیی و ئازادی و حکومەتی ڕاست و دادپەروەر مافی هەموو گەلانی جیهانە، لەبەر ئەم هۆکارە؛ کۆماری ئیسلامی ئێران هەموو هەوڵێک دەدات وەک پاڵپشتی و هاوکاری و بەرگری لە ماف و لە تێکۆشانی گەلانی ژێر دەست و زوڵم لێکراو، لە دژی ستەمکار وزاڵمەکان لە هەر شوێنێکی جیهان بن دەوەستێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ دەستێوەردانی ناوخۆیی بکەن لە کاروباری گەلانی تر(دەستووری کۆماری ئیسلامی هەموارکرا ١٩٨٩)، بۆیە لێرەدا ئەوەی تێبینی دەکرێت لەو چەند دەق و بنەما دەستورییانەی کە لەناو دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێراندا هاتوونە ئاماژەدانی ڕوون و دیارن بەوەی کە ئایین ڕۆڵی گەورەی هەیە لە دارڕشتنی بنەما سەرەکییەکان و هێلکاری گشتی سیاسەت و ڕەفتاری دەرەکی ئێران دیاری دەکات (حسێن، ٢٠١٨: ٤٣٨-٤٤٠).

پێکهاتەی بڕیاردان کە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئێرانەوە هەیە، تایبەتمەندییەکی باڵای هەیە کە لە سیاسەتەکانی دەرەوەی وڵاتانی دیکە جیای دەکاتەوە، هەروەکوو لە هەموو سیستەمەکانی جیهاندا گریمانە دەکرێت، ئەوە وەزارەتی دەرەوەیە کە مامەڵە لەگەڵ بڕیاردان دەکات لە ئاستی دەرەوەدا، بەڵام ڕەنگە وەزارەتی دەرەوە لە ئێران بە تەنیا مامەڵەی لەگەڵدا نەکات، وە لە ڕاستیدا ڕەنگە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسەتی دەرەکی لە هەندێک سیستەمی سیاسی کە بەرنامەی سیاسی ئاڵۆزیان هەیە بکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک دامەزراوە و کەسایەتی کە ئەگەرچی هیچ بەرپرسیارێتییەکی فەرمییان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێگەی کاریگەرییەکانیانەوە دەستوەردان دەکەن لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و کاریگەری لەسەر بڕیاردانی سیاسەتی دەرەوە، ئەوەی لە فەرهەنگی سیاسیدا بە "گرووپی فشار" ناسراوە، بۆیە ڕەنگە لەگەڵ ئەم جۆرە سیستەمانەدا بینەری دوو جۆر پێکهاتەی بڕیاردان بین: یەکەمیان پێکهاتەیەکی فەرمییە و ئەمانە

بە دەستوور و یاسای دەوڵەتەکان دیاری دەکرێن و دووەمیان نافەرمی و ئەمانەش بە ڕەوتەکانی بیروڕای گشتی دیاری دەکرێن، وەک بیرۆکەی پارتە سیاسییەکان، سەندیکاکان، ڕۆژنامەکان، وە کۆمەڵگەی مەدەنی (حسن، ٢٠٠٧: ٦٨).

سیاسەتی دەرەوەی ئێران سیاسەتێکی نیوڕیالیستیە چونکە لە تەنیشت فاکتەرەکانی ئاینی ومەزهەبی شیعە و بەرژەوەندی نەتەوەیی وئاسایشی، پڕاگماتیک ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار (عبدالكريم، ٢٠٢١: ٣٨).

مێژووی ئێران، ئاینی ئیسلام، و مەزهەبی شیعە، گوتاری شۆڕشی ئیسلامی، جیهانی سێیەمگەرایی و جیۆپۆلەتیک، وەک بەشێک لە سەرچاوەکانی ناسنامەسازی، لە سیاسەتی دەروەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەناسرێت، لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە سنورە بڕوایی و ئایدیۆلۆژیکەکان جێگەی سنوورە جوگرافیاییەکان دەگرێتەوە، وە ناسنامەی کۆماری ئیسلامی لە ڕەگەزەکانی ناسنامەی ئیسلامی، و

ناسنامەی شۆڕشی ئیسلامی، و ناسنامەی ئێرانی پێکدێت، ئەوانەش پێکەوە گرێدراو و تێکئالاون و لە کاتە جیاوازەکاندا لەوانەیە ڕەگەزێکیان بەهێزتربێت لە ئەوانی تر؛ کاریگەری ناسنامەی نەتەوەیی لە کۆماری ئیسلامی لەسەر سیاسەتی دەرەوەدا لە ڕێگەی پێناسە کردنی و دەستنیشان کردنی ڕۆڵە جیاوازەکاندا دەبێت و چونکە پێکهاتەکانی ناسنامەی کۆماری ئیسلامی جیاواز و فرەن، ئەوە ئەم دەوڵەتە ڕۆڵی فرە و جیاوازی دەبێت لە سیاسەتی دەروەدا، بۆ نمونە ڕۆڵەکانی: دەوڵەتی دادپەروەر تەوەر و دژی زوڵم، بکەری دژە دەسەلاتی زاڵی ناوچەیی و نێونەتەوەیی، دژی ئیمپریالیزم و سەهۆینیزم، دژی ئیستکبار، سەنگەری شۆڕشی رزگارکەرانە، بەرگریکاری ئیسلام و شیعە، پشتیوانی چەوساوەکان، ئیلهام بەخشی لەجیهانی ئیسلامدا، ناوەندی جیهانی ئیسلام، دەوڵەتی نمونە و سەرمەشق، یارمەتیدەری یەکێتی و یەکگرتوویی جیهانی ئیسلامی، دەوڵەیی پێداچونەوەخواز و دژە پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی، دەوڵەتی سەربەخۆ، پشتیوانی بزوتنەوە

رزگاریخوازەکان، هاوپەیمانی وەفادار و....هتد (رەحیم، ٢٠١٤: ٨٤-٨٥).

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە گومانی لەسەر نییە ڕۆڵ و پێگەیەکی گەورەی هەیە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەحوکمی پێگەی جوگرافی و مێژوویی و هێزی دانیشتوانی و هێزی سەربازی و سامانی سروشتی و نەوتییەوە، هەروەها پێشەوایەتیکردنی مەزهەبی شیعی، لەژێر ڕۆشنایی ئەم فاکتەرانە ئێران هەوڵیداوە و هەوڵیش دەدات، ئاراستەی سیاسەتی دەرەکی لە پاش شۆڕشی ئیسلامیەوە لە ١٩٧٩ ئاراستەی سەرکردایەتی ناوچەیی هەبێت، ڕۆڵێکی بەهێزی هەبێت و سەکردایەتی ناوچەیی بکات لە پرس و دۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (حسێن، ٢٠١٨: ٤٤٧).

## (١-٢-٢) بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران:

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە چەند بنەمایەک پێکدێت، وەک ئەمانەی خوارەوە:

**١- ڕەهەندی بیروباوەڕی شۆڕشگێرانە**

بیرۆکەی هەناردەکردنی شۆڕش بووتە یەکێک لە بنەما جەوهەرییەکانی سیاسەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دوای شۆڕش، کە دەبێت سیستەمی ویلایەتی فەقیە درێژبێتەوە بۆ ناو هەموو کۆمەڵگا ئیسلامییەکان. پرسی هەناردەکردنی شۆرش و بەم پێیەش دەستێوەردان وپاڵپشتی و بوونیادنانی پەیوەندی لێکەوتەوە، بۆ نمونە: پەیوەندی و یارمەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد و حیزوبوڵڵای لوبنان و پارتە شیعە مەزهەبەکانی عێراق و...هتد.

**٢-هەژموون خوازی ناوچەیی و ڕۆڵی سەركردایەتیكردن**

هەر لە دوای ساڵی ١٩٧٩ وە ئەم ڕەوتە هەژمون خوازە سەری هەڵداوە، ئەمەش بە پشتبەستن بە كۆمەڵێک فاكتەر لە ئابووری و سەرمایە و هێزی دانیشتوان، هەروەها پێگەی جوگرافی و سیستەمی ئیسلامی كە خۆی بە نوێنەر و سەركردەی جیهانی ئیسلامی دادەنێت، سەرەڕای فاكتەری سەربازی.

**٣- گەیشتن بە پێگەی ناوەندی هێز**

لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ئێران لە ڕێگەی پەرەپێدانی پرۆژەی وزەی ناوەكییەوە ویستویەتی باڵادەستی خۆی و هەژموونی خۆی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگیر بكات، وە بەم هۆیەشەوە خۆی لە چوارچێوەی بازنەی زلهێزەكانی جیهانیدا بدۆزێتەوە، ئەوانەی كە خاوەن چەكی ئەتۆمین.

ئەم سێ بنەما وكۆڵەكە سەرەكییەی سیاسەتی دەرەكی كۆماری ئیسلامی ئێران سێ كۆڵەكە وپایەی گرنگن كە كاریگەری و ئاسەواری تەواویان هەبووە و دەبێت لەسەر ئاڕاستەی ڕەفتار و جوڵەی دەرەكی سیاسەتی

کۆماری ئیسلامی ئێران هەم لە ئێستادا وە هەم لە ئایندەدا (حسێن، ٢٠١٨: ٤٤٨-٤٥٠).

ئێران دروشمە ئیسلامییەکان بەرزدەکاتەوە، لەوانەش ئازادکردنی فەڵەستین، وە هەندێک هاوکاری پێشکەشی فەڵەستینییەکان دەکات، نەک لەبەر باوەڕبونی ئێران بە دادپەروەری ئەم پرسە، بەڵکو تەنها بۆ ئەوەی وای خۆی دەربخات کە بەرگری لە ماف ومەسەلەی موسڵمانان دەکات ودژی ئەمریکا وەستاوە کە دەیەوێت بەسەر جیهانی عەرەبی وئیسلامیدا زاڵ بێت، بەڵام لە ئێستادا هەموو عەرەب وموسڵمانان، وە هەموو جیهان ئاگادارن لە تێوەگلانی ئێران بۆ یارمەتیدانی حزب وگروپە شیعەکانی عێراق، لەوە خراپتر پێکهێنانی میلیشیای شیعە وڕاهێنان پێکردنی وپارەدارکردنی، وپێدانی چەک بۆ کوشتنی سوننەکان ولەناوبردنیان، بەهیوای گەیشتن بەخەونی (هیلالی شیعی) هەرچەندە ئێران ڕەتی ئەوە دەکاتەوە بەڵام زۆر بە ئاشکرا لە هەڵویستەکانی دیارە بەرامبەر بە سوننەکان (أبوداود، ٢٠١٤: ٢٦-٢٧).

## (١-٢-٣) کاریگەری سیستەمی سیاسی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران

ئێران لە ئاستی ناوچەیی ونێودەوڵەتیدا پێگەیەکی گرنگی هەیە، ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەکەی کە ڕووی لە کەنداوی عەرەبی کردووە، کە شوێنێکی ئابووری و ستراتیژی هەیە، هەروەک یەکگرتوویی پێکهاتەی دانیشتوانەکەی کە بە ڕوونی لەلایەن تەریقەتی موسڵمانی شیعە زاڵ بووە، بەهێزی سیستەمی سیاسییەکەی زیاد کردووە کە لە ڕێوڕەسم و ئاراستەکانی ئەو تەریقەتە لە هەموو ئاستەکاندا سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش کاریگەرییەکی بەرچاوی بە ئێران بەخشیوە لەسەر وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەمە لەلایەک؛ لە لایەکی ترەوە ئێران گرنگییەکی جیهانی هەیە کە بە ڕوونی توانای ئابووری خۆی نیشان دەدات، کاتێک پلەی دووەمی لەسەر ئاستی جیهان لەرووی یەدەگی گازی سروشتی، وە پلەی چوارەم لەرووی یەدەگی نەوتیەوە لە جیهاندا هەیە، هەروەها دووەم بەرهەمهێنەری نەوتە لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی، جگە

لە پێگە گرنگەکەی لە جیهاندا کە دەڕوانێتە گرنگترین ڕێڕەوی وزە، (گەرووی هورمز)، هەروەک چۆن سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران کاریگەرییەکی دیکەی دەرەکی بەهێز هەیە، ئەمیش لە ڕێگەی پشتگیریکردنی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان و گروپە ئاینییەکانی پەیوەست بەوەوە لە ناوچەکەدا، هەروەک چۆن سیستەمی سیاسی لە ئێراندا توخمگەلێکی بەهێزی هەیە کە پشتیوانی لێدەکەن، لە لایەکی دیکەوە ڕووبەڕووی چەندین ئالنگاری بووەتەوە، کە هەندێکیان ناوخۆیین و لە سەرەتای دامەزراندنییەوە لە ساڵی ١٩٧٩ەوە لەگەڵ سیستەمی سیاسیدا بوون، و هەندێکی تر دەرەکین، وە لەسەر ئاستی ناوخۆدا، تێبینی ئەوە دەکەین کە شۆڕشی ئێران چەندین بزووتنەوەی سیاسی ئیسلامی، عەلمانی و ناسیۆنالیستی لەخۆگرتبوو، و قۆرخکردنی دامەزراوەی ئایینی لە دەسەڵاتدا بووە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک ئالنگاری و دژایەتیکردنی سیستەمی سیاسی، کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر داهاتووی یان فشارەکانی هەبێت بۆ گۆڕینی هەندێک لە

ئاراستە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی، بەتایبەتی دوای ئەوەی دامەزراوەی ئایینی دەسەڵاتێکی دامەزراند کە بنەما و بیرۆکەکانی لە تیۆری(ویلایەتی گشتیی فەقیهەوە وەرگرتووە)، کە لەلایەن (ئایەتوڵڵا خومەینی)ەوە ناسێنراوە و لە دەستووردا چەسپاوە (الخزرجي، ٢٠١٠، ص أ-د).

ئایدۆلۆژیای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی ساڵی ١٩٧٩ بەردەوامە لە کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران، کاتێک شۆڕش ئیسلامی دەسەڵاتی عەلمانی شای ئێرانی ڕووخاند، سیستەمێکی سیاسی دروست بوو کە دەسەڵاتی ڕەها لە "سەرکردەیەکی باڵا"دا بەرجەستە دەکرێت کە دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی تێکەڵ دەکات، لە ساڵانی یەکەمی دوای شۆڕش، ئێران هەوڵیدا شۆڕشەکەی بۆ وڵاتانی ئیسلامی دراوسێ "هەناردە" بکات؛ ئێران لە کۆتاییەکانی نەوەدەکاندا وازی لەو ئامانجە هێنا، چونکە پێشخستنی ئەو ئامانجە تەنیا سەرکەوتوو بوو لە دروستکردنی بەرخۆدان بەرامبەر ئێران لە ناوچەکەدا، هەروەها بەرژەوەندییە

نەتەوەییەکانی ئێران سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە قاڵب دەدەن و هەندێک جار لەگەڵ ئایدۆلۆژیای ئێراندا یەکتر دەبڕن و ئاڵۆزیان دەکەن، هەروەک چۆن سەرکردەکانی ئێران کە جەخت لەسەر شارستانیەتی پێشکەوتووی ئێران و سەربەخۆیی مێژوویی دەکەنەوە، داوای مافی خۆیان دەکەن کە وەک زلهێزێکی گەورە لە ناوچەکەدا بناسرێن (Katzman, ٢٠١٥: ٢).

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین پێکهاتە و بنەماکانی هزری - ئایدویۆلۆژیای ئیسلامی - شیعی و ڕەنگدانەوەی لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بەم شێوەیە بخەینەروو:

**یەکەم: پەیوەندی ئایین و سیاسەت**

أ-ڕێکخستنی سیاسەتی دەرەوە لەسەر بنەما و پێوەرکانی ئیسلامی.

ب-ئاراستەی بەرەو پێداچونەوەخوازی وەک ستراتیژی بالای سیستەم.

ج-ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی وەک دەستنیشانکەری جۆرو ڕادە و ئاستی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی تر لە چوارچێوەی دار الإسلام و دار الکفر و...هتد.

د-بەهێزکردنی ڕۆڵی بکەرانی ئاینی (پیاوانی ئایینی) یان بەمانایەکی تر کۆمەڵگەی مەدەنی ئیسلامی لە سیاسەتی دەرەوەدا، وەکو ڕۆڵی دامەزراوەکانی ئایینی لە ئێران.

**دووەم: تیۆری نەفی سەبیل و تیۆری پلانگێڕی**

أ- بێ متمانەیی و ڕەتکردنەوەی پێکهاتەی سیستەمی نێونەتەوەیی و پرۆسە و دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی پەیوەندیدار.

ب- زیاترکردنی هێز بە ئاڕاستەی بەربەست دروستکردن لەهەمبەر زاڵبوون و دەستێوەردانی زلهێزەکان و دەوڵەتانی تر(نفی السبیل).

ج- ڕێگە گرتن لە نفوزی بێگانەکان و ترس لە بیانییەکان.

**سێیەم: بنەمای ویلایەتی فەقییە و تەقییە**

أ-بەدواداچون بۆ مۆدێلەکانی دروستکردنی بڕیار وەک (ئەکتەری عەقڵانی) بەڵام بە ڕوانگەی لانی زۆری ڕۆڵی ڕێبەری(تاک).

ب-زیاترکردن و بەهێزتر کردنی توانای تەیارکردنی کۆمەڵایەتی و جەماوەری بۆ بەردەوامی و سەقامگیری سیاسەتی دەرەوە، و پاڵپشتی کردن لە سیاسەتەکانی دەرەوە.

ج-گرنگیدان بە ڕێسای سەرەکی بەرژەوەندی، پاراستن و مانەوەی سیستەم.

**چوارەم: بنەمای پاراستنی بەرژەوەندی دەوڵەتی ئیسلامی و جیۆپۆلەتیک**

أ-توانای تێپەڕاندنی دژیەکی ئایدیالیستی-ریالیستی لە سیاسەتی دەرەوەدا.

ب-بەهێزکردنی ڕوانگەی ڕیالیستی و جێبەجێکردنی بەبێ هەستیاری و دروستکردنی دژایەتی ناوخۆیی.

ج-قەبوڵکردنی هەندێ لە نۆرم یان پێوەر و بەهاکانی نێونەتەوەیی یاخود دامەزراوە و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان.

د-ڕەنگدانەوەی ئەم پێگە جوگرافیاییە لە پەیوەندیەکانی دەرەوە و دەرفەت وبەربەستەکانی.

**پێنجەم: بنەمای بانگەشەکردن بۆ ئیسلام (بانگخوازی) و هەناردەکردنی شۆڕش و شۆڕشگێڕی**

أ-هەوڵدان بۆ هەناردەکردنی شۆڕش بە هەردوو ڕوانگەی ڕوونکردنەوە و بڵاوکردنەوەی و هەروەها زیاترکردنی نفووز و ئامانجە سەروو نەتەوەییەکان دژی سیستەمی نێونەتەوەیی.

ب-وێناکردنی کۆمەڵگەی یوتۆپیایی ئیسلامی بانگەشەکردن بۆی.

ج- ئەولەویەتدان بە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی شۆڕشگێر وبزوتنەوەکان (رەحیم، ٢٠١٤: ١١٤-١١٨).

بەشێوەیەکی گشتی لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران کاریگەری هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوە، چ لە ڕووی

هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوە، وزاڵ بونی ئایدیۆلۆژیایی مەزهەبی شیعە، یان لە ڕووی سەپاندنی هەژموونی پیاوە ئاینییەکانی پرۆسەی سیاسی ئێران لەسەر ناوچەکانی هەرێمی، ونیشاندانی ئێران وەکو زلهێزێکی ناوچەیی بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک فاکتەری ئابوری وجوگرافی وهێزی دانیشتوانی، و تایبەتمەندی جیاوازی سیستەمی سیاسی ئێران کە جیاوازە لەگەڵ گشت سیستەمە سیاسیەکانی ولاتانی جیهان ئەویش بریتیە لە هەبوونی دامەزراوەیەکی دەستوری بەناوی(ویلایەتی فەقیە)، یان (ڕێبەری بالای شۆڕش)، کە لەسەرووی هەموو دەسەلاتەکانە، بۆیە هەمیشە ئێران هەوڵدەدات لە سیاسەتی دەرەکی خۆیدا ئاراستەی سەرکردایەتی ناوچەیی بگیڕێ بەتایبەت بەرامبەر بە پرس ودۆزەکانی ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.

# (٢) خۆپێشاندان وناڕەزایەتی لە ئێران لە دژی سیستەمی سیاسی

ناڕەزاییەکان دژی سیستمی سیاسی لە ئێران مێژوویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای مردنی خومەینی و هاتنە سەر حوکمی خامنائی، وە لە سەردەمی هاوچەرخیشدا ئەم وڵاتە زنجیرەیەک خۆپیشاندانی بەخۆیەوە بینیوە، لەم بەشەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیانە لە میانەی سێ باسی سەرەکیەوە.

## (١-٢) خۆپێشاندان وناڕەزایەتی لە ئێران دژی سیستەمی سیاسی دوای ساڵی ١٩٧٩:

لەدوای مردنی خومەینی و هاتنە سەرکاری خامنائی، دیاردەی ناڕەزایەتیەکان لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا دەستیان کرد بە دەرکەوتن، ئەم ناڕەزایەتیانە شێوەی جیاوازیان گرتەبەر، کە زۆربەیان ناڕەزایەتیی تائیفی و تایبەت بوون بە چین و توێژێکی دیاریکراو، بەڵام بەشێکی زۆر لەم ناڕەزایەتیانە مەودایەکی فراوانتری وەرگرت لەوەی تەنها ناڕەزایەتی بێت بەڵکو سیمایەکی

جەماوەری و سیاسی وەرگرت، زۆرێک لە قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان، دۆخی ئابووری خنکێنراو، و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دارایی وکارگێڕی لەم وڵاتەدا کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە گۆڕینی دیاردەی نارەزایەتی بۆ کولتوورێکی نزیکەی هەمیشەیی لە ژیانی هاوڵاتییانی ئێراندا (مركز الخليج العربي للدراسات الإيرانية، ٢٠١٨: ٨).

لێرەدا باس لە خۆپیشاندان ونارەزیەتیەکان دەکەین لە ئێران لە دژی سیستەمی سیاسی لە دوای ساڵی ١٩٧٩، کە یەکەم خۆپیشاندان دەست پێدەکات لە ساڵی ١٩٩٩، هەرچەندە پێش ئەویش چەندین خۆپیشاندان سەریانهەڵدا، بەڵام ئەوەی بەرفراوان بوو لە ساڵی ١٩٩٩ دەست پێدەکات کە لە خوارەوە ئاماژە بەو خۆپیشاندانە دەکەین:

## (٢-١-١) نارەزایەتیەکانی خوێندکاران لە ساڵی ١٩٩٩:

خوێندکاران ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لەسەرهەڵدانی ژمارەیەکی زۆر لە بزووتنەوە و ڕێکخراوە

شۆڕشگێڕەکان لە ئێران، خوێندکارانی زانکۆکانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان هەبوو لە ڕووخاندنی ڕژێمی شا، هەر بۆیە گەلی ئێران زانکۆکانیان بە "خەندەقەکانی ئازادی" ناوبرد، ئەزموونی ڕژێمی ئێران لە مەترسییەکانی بزووتنەوە خوێندکارییەکان و توانای شۆڕشگێڕیی و نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە ڕژێمە جۆربەجۆرەکان وایکردووە کە بەردەوام لە خەمی هەر بزووتنەوە یان نارەزایەتییەکدا بێت کە بزووتنەوە خوێندکاریەکان بەڕێوەی دەبەن، بە تایبەت لە تارانی پایتەخت کە سەدان هەزار خوێندکار و دەیان زانکۆ لە خۆدەگریت، ئەو خۆپێشاندانانەی کە لەتەمموزی ساڵی ١٩٩٩دا لە لایەن خوێندکارانی زانکۆی تارانەوە ڕێکخرابوون، لە توندترین و مەترسیدارترین نارەزایەتی خوێندکارەکان لە دژی سیستەمی ئێران بوو، ئەم نارەزایەتیانە بە بچووکی و سنووردار لە ناوەوەی زانکۆکانەوە دەستی پێکرد بەهۆی داخستنی ڕۆژنامەی (سەلام) کە پشتیوانی لە بزووتنەوەی چاکسازیخواز دەکرد، بەڵام بەهۆی

دەستێوەردانی یەکەکانی پۆلیس و بەسیج و ئەندامانی سوپای پاسداران و کوشتنی خوێندکارێک و دەستگیرکردنی سەدان کەس بووە هۆی فراوانبوونی پانتاییەکەی و گۆڕینی بۆ قەیرانێکی ڕاستەقینە (مركز الخليج العربي للدراسات الإيرانية، ٢٠١٨: ٩).

یەکێک لە هۆکارەکانی شکستهێنانی ئەم خۆپیشادانە داواکاری جۆراوجۆر بوو، هەروەها بەهۆی ئامادەنەبوون بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم دۆخە و نەبوونی توانایەکی کارا بۆ ڕێکخستن وبەڕێوبردنی ئەم نارەزایەتیانە، وەک ئەوەی ئاماژەمان پێدا بەهۆی هەبوونی داواکاری جیاواز کە هەندێکیان دەیانویست لە سەرپۆش ئازادبن، وە هەندێکی تر دەیانویست تۆڵەی خوێنی ئازیزانیان بکەنەوە، وە هەندێکی تر دەیانویست قەربووی بێبەشی ئابووری بکەنەوە، وچەندین داواکاری تری جۆراوجۆر کەئەمەش دواتر بوو بە هۆکاری شکستهێنانی ئەم نارەزایەتیانە (افشاری، ٢٠١٣).

## (٢-١-٢) بزوتنەوەی سەوز لە ساڵی ٢٠٠٩

ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی سەرۆک کۆماری ئەو کات مەحمود ئەحمەدی نجاد – لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە ١٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٩- بۆ خولی دووەم لەسەر حیسابی کاندید موسەوی؛ ئۆپۆزسیۆن لە شەقامەکانی تارانی پایتەختدا نزیکەی پێنج ملیۆن خۆپیشاندەریان کۆکردەوە کە "دروشمی سەوز" یان بەرزکردەوە، وە دروشمی "دەنگی من لەکوییە؟ وکێ دەنگی منی دزی؟ دژی دیکتاتۆر دەیانگووتەوە"، و دەسەلاتدارانیان تۆمەتبار دەکرد بە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا لە بەرژەوەندی ئەحمەدی نجاد، دەسەلاتدارانی ئێران ئەم تۆمەتەیان ڕەت کردەوە، و هەڵمەتێکی بەرفراوانی دەستگیرکردنیان دەستپێکرد کە سەرەتا سەد سەرکردەی بزووتنەوەی چاکسازی لەخۆگرتبوو، لەوانە ڕۆژنامەنووسان، چالاکوانان، پارێزەران و سیاسەتمەدارانی لایەنگرانی چاکسازی، لەنێویاندا محەمەد خاتەمی برای محەمەد ڕەزای خاتەمی سەرۆک

کۆماری پێشووی ئێران، وە زەهرا ئەشراقی، نەوەی خومەینی؛ وە لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین، کە بزووتنەوەی سەوز بەوە تۆمەتبار کران کە بیرۆکەی ڕوون و ئاشکرایان پێشکەش نەکرد وەک بزوتنەوە سیاسیەکانی تر، بەڵکو پێش ئەوەی بیرۆکەکانی بە شێوەیەکی ڕێکخراو وشیکردنەوەی بۆ بکەن، داواکارییەکانی بەرزکردەوە، وەک چۆن لە سەرەتادا – لە دوو داواکاری سەرەکیدا کورتکرابوونەوە:

١-چاوخشاندنەوە بە ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٠٩.

٢-پێویستی مانەوە لەسەر شەقام تا ئەو مەرجە جێبەجێ دەکرێت (الجزيرة،٢٠١٦).

ڕژیمی ئێران بزووتنەوەی سەوزی بە هەڕەشەیەکی جددی لەسەر مانەوەی خۆی دانا، و بەم شێوەیە دەستیکرد بە سەرکوتکردنی ئەم بزووتنەوەیە لە چورچێوەی پرۆسەیەکی بەر فراواندا، وە ئەم نارەزایەتیە چارەسەری کێشە ئابوورییە کۆمەڵایەتییە زەقەکانی ئێرانی نەکرد، وە دەستیان نەگەیشتە چینی

کرێکار کە لە دەیەی پێشوودا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەشدارییان لە مانگرتنەکاندا کردبوو کە ناڕەزایەتیان دەربڕی دژی سیاسەتە ئابوورییەکانی دەوڵەت؛ بە کورتی بزووتنەوەی سەوز لە کۆتاییدا بوو بە "بزووتنەوەیەکی بێ شۆڕش" وەسفکرا (نجاد، ٢٠٢٠: ٢٦).

## (٣-١-٢) ناڕەزایەتییەکانی ساڵانی (٢٠١٠-٢٠١٢)

لە تەمموزی ساڵی ٢٠١٠ مانگرتنی بازرگانان لە بازاڕی گەورەی تاران، حکومەتی ناچار کرد پلانەکانی بۆ زیادکردنەوەی باج ڕابگرێت، وە لە شوباتی ٢٠١١ لەکاتی بەشداریکردنی هەزاران چالاکوانی ئۆپۆزسیۆن لە گردبوونەوەیەکی قەدەغەکراو بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان لە میسر و تونس، دوو کەس کوژران و دەیان کەسیش دەستگیرکران، ولە ئاداری هەمان ساڵ ماڵپەڕی لایەنگرەکانی چاکسازی ڕاپۆرتێکیان بڵاوکردەوە لەسەر بەکارهێنانی بۆمبی فرمێسکڕێژێنی هێزە ئەمنییەکان و ڕووبەڕوو بوونەوەی هەزاران خۆپیشاندەری دژە حکومەت کە لە تاران و

شارەکانی دیکە بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر مامەڵەی سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن خۆپیشاندانیان ئەنجامدا بوو، وە لەئوکتۆبەری ساڵی ٢٠١٢ پۆلیس گازی فرمێسکڕژێنی ئاڕاستەی خۆپیێشاندران کرد کە نارازیبون لەسەر دابەزینی بەهای دراوی ئێرانی (الحرة، ٢٠٢٢).

## (٢-١-٤) ناڕەزایەتییەکانی ساڵانی (٢٠١٧-٢٠٢٠)

لە نێوان ١ی ئایاری ٢٠١٧ تا ١ی ئایاری ٢٠١٨، ئێران ڕۆژانە ١٧ جار ناڕەزایەتی و مانگرتنی بەخۆیەوە بینی کە لەلایەن کرێکاران و چالاکوانانەوە ڕێکخرابوو؛ لە ٢١ی ئازاری ٢٠١٨ ئەو وڵاتە زیاتر لە دوو هەزار ناڕەزایەتیی بەخۆیەوە بینیوە کە لە هەمبەر کێشەی ئابووری و بێکاری بووە، ئەمەش واتە نزیکەی ١١ ناڕەزایەتی لە ڕۆژێکدا، بە وتەی بەرپرسێکی باڵای کۆمیتەی فریاگوزاری ئیمام خومەینی کە گەورەترین ڕێکخراوی خێرخوازیە لە وڵاتی ئێراندا، وە بەپێی داتاکانی پرۆژەی شوێن و ڕووداوەکانی شەڕە چەکدارییەکان، لە نێوان ژانویەی ٢٠١٨ تا تشرینی یەکەمی ٢٠١٩، نزیکەی ٤٣٠٠ ناڕەزایەتی ئەنجامدراوە کە ژمارەیەکی زۆریان لەلایەن کرێکارانەوە سەرپەرشتی کراون، واتە بە تێکرا ڕۆژانە شەش ناڕەزایەتی ئەنجامدراوە (نجاد، ٢٠٢٠: ١٤).

لە تشرینی دووەمی٢٠١٩- ئێران ڕایگەیاند، ٢٠٠ هەزار کەس بەشدارییان کردووە کە ڕەنگە گەورەترین

نارەزایەتی دژە حکومەت بێت لە مێژووی ٤٠ ساڵەی کۆماری ئیسلامیدا؛ عەلی خامنەیی ڕایگەیاند دوو هەفتە توندوتیژیی بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی بە " پلانێکی زۆر مەترسیدار" وەسف کرد، ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز بڵاویکردەوە، ١٥٠٠ هەزار و پێنچ سەد کەس بە تەقەی هێزە ئەمنییەکان کوژراون، و لە ساڵی ٢٠٢٠- ئاژانسی هەواڵی فارسی نیمچە فەرمیی ئێران، لە ڕاپۆرتێکی دەگمەندا سەبارەت بە نارەزایەتییەکانی دژ بە حکومەت، ڕایگەیاند، خۆپیشاندەران لە تاران دروشمیان دژی دەسەڵاتە باڵاکانی ئەو وڵاتە دەڵێنەوە، دوای ئەوەی سوپای پاسداران دانی بەوە دانا کە فڕۆکەیەکی نەفەر هەڵگریان خستۆتە خوارەوە، هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، خۆپیێشاندەران لەسەر شەقامەکان وێنەی قاسم سولەیمانی کە فەرماندەی دیاری فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانیان دڕاندووە، کە لە هێرشێکی فڕۆکەوانی ئەمریکا کوژراوە (الجزیرة، ٢٠٢٢).

کەواتە ناڕەزایەتییەکان لە دوای ساڵی ١٩٧٩ بریتی بوون لە:

(١) ناڕەزایەتی مەدەنی ژنان لە دژی پۆشینی سەرپۆش.

(٢) ناڕەزایەتی ژینگەیی لە دژی خراپ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان.

(٣) ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران لە دژی نەدانی موچە بۆ چەند مانگێک.

(٤) ناڕەزایەتی دەروێشەکان دژی توندوتیژی و سەرکوتکردنیان لە لایەن دەوڵەتەوە.

(٥) ناڕەزایەتی بازاڕی گەورەی تاران.

(٦) مانگرتنی گشتی لە شارە کوردیەکان دژی ئێران.

(٧) ناڕەزایەتی دیکە کە بە هۆی تێکەڵەیەک لە ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتی، وئابوری، سیاسی و ژینگەیی، وەک ئەو ناڕەزایەتیانەی کە لە ئەهواز و کازەرون ڕوویانداوە، لەم خۆپیشاندانانەدا زۆرێک لە دروشمەکانی ناڕەزایەتی دووبارە دەکرانەوە، وەک "دوژمنمان لە ماڵماندایە، و دەڵێن هەمیشە ئەمریکایە" (نجاد، ٢٠٢٠: ١٤).

## (٢-٢) هۆکار وپاڵنەرەکانی نارەزایەتیەکان لە دژی سیستەمی سیاسی لە ئێران

سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان لە ئێران بەشێوەیەکی بەردەوام ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک کێشە وەکو هەژاری و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری نێوان چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، و بوونی گەندەڵی کارگێری و ئابوری لە ئاستێکی فراواندا، جگە لە نەبوونی متمانە لای خەڵک بە حزبەکان و دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت (الزاهد، ٢٠٢٢).

لێرەدا ئاماژە بەکۆمەڵێک هۆکار دەکەین:

### (٢-٢-١) هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان

چوار دەیە دوای شۆرش لە ساڵی ١٩٧٨، بەهۆی گۆرانکارییەکان لە هاوسەنگی نوخبە کۆمەڵایەتیەکان کە بە ناوی دەسەلاتە ئایینیەکانەوە دەستیان بەسەر جومگەکانی ئابووری و سیاسیدا گرتبوو، و خێزانەکانیان ببوونە دەوڵەمەندی لە رادەبەدەر، وە بە پێچەوانەوە فراوانبوونی بازنەی هەژاری لەنێوان گەلانی ئێران بووە هۆی بێزاریی و ململانێیەکی زۆر، هەربۆیە

نارەزایەتییەکان تەنیا لە هەژاراندا سنووردار نەبوون، یان لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو، بەڵکو ناوچە و نەتەوە جۆراوجۆرەکانی لەخۆگرتبوو، و چینی ناوەڕاست بەشدارییان کرد، کە بەشێک لە سوودی کۆمەڵایەتی و پارە و خەرجی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون و پشکی بانک و کۆمپانیاکانیان لەدەستدا، هەروەها سیستەمی ویلایەتی فەقیه سیاسەتێکی توندی گرتەبەر کە ئازادییە کلتوری و تەنانەت کەسییەکانی سنووردار دەکرد، بەو پێیەی گەلانی جۆراوجۆری ئێرانی بە ئایدۆلۆژیای خۆیانەوە (ویلایەتی فەقیه) پابەند دەکرد، و گەیشتە ئەو ئاستەی کە شێوازەکانی جل و بەرگ و ڕەفتاریان کۆنترۆڵ بکات، وە هەموو ئەمانە دۆخێکی نارەزایی دروستکرد کە وای لەخەڵکەکە کرد چاوەڕێی دەرفەتێک بن بۆ دەربڕینی ئازادی خۆیان، وە نارەزایەتییەکان هەڵسان بە سووکایەتیکردن بە ڕێبەری باڵا لە ڕێگەی وتنەوەی دروشمەکانیان و سووتاندنی وێنەی ڕێبەری باڵا، ئامانجیان ڕووخاندنی سیستەمی فەقێه بوو، و نارەزایی خۆیان لەبەرامبەر ئەو سیستەمە

(تیۆکراتی) ی ئێران دەربڕی، وخواستیان بۆ گۆڕینی بۆ سیستەمێکی دیموکراتی دووپات دەکردەوە (مرکز الفکر الاستراتیجي للدراسات، ٢٠١٨: ٦).

## (٢-٢-٢) هۆکارە ئابوورییەکان

خەڵکی ئێران دەسەڵاتدارەکانی ڕژێمی ئێران کۆک و هاوڕان لەسەر بارودۆخی سەختی ئابووری ئێران، کە بەدەست دیاردەی بەربڵاوی گەندەڵی و بەرتیل و بەهەدەردانی ئەو پارەیەی کە بۆ میلیشیاکان و سیستەمی ڕاگەیاندن و دامەزراوەکانی بڵاوکردنەوەی شیعەگەرایی خەرج دەکرێت لە جیهاندا دەناڵێنن، جگە لە کۆنترۆڵکردنی سوپای پاسداران بەسەر زۆرێک لە بوارە ئابوورییەکان کە زیانیان بە ئابووری و وەبەرهێنەران گەیاندووە، وە ئابووری ئێران ساڵانێکە بەدەست ئەو سزایانەی کە بەسەری سەپێنراوەوە دەناڵێنێت (مرکز *الفکر الاستراتیجي للدراسات*، ٢٠١٨: ٣).

ڕەنگە خراپی بارودۆخی ئابوری ئێران پەیوەندیەکی نزیکی هەبێت بە پابەندبوونی تاران بە ڕێککەوتنی

ئەتۆمی(*)، توانای ئێران بۆ پاراستنی ڕێککەوتنەکە و پێشخستنی کارنامەی ئابوورییەکەی تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە کەمکردنەوەی سزاکان، بۆیە بە گشتی کاربەدەستانی ئێران بە دەست هێواشی بوژانەوەی ئابووری ئێران دەناڵێنن و زۆرجاریش ئۆباڵی ئەوە دەخەنە پاڵ گەمارۆ سەرەتاییەکانی ئەمریکا هەرچەندە بەشێکیش نەبوون لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، بەڵام ڕەنگە چاوەڕوانییەکانی ئێران لەو سوودانەی کە بەدیدێت لە میانەی کارکردنی گشتگیری هاوبەش(JCPOA )، کە کورتکراوەی (Joint Comprehensive Plan of

---

(*) ڕێککەوتنێک بوو لە نێوان "G٥+١" (ئەمە ئەو ناوەیە کە بە پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دراوە، ئەوانیش ئەمریکا، ڕووسیا، چین، بەریتانیا و فەرەنسا، لەگەڵ ئەڵمانیا) و ئێران سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمی وڵاتەکە، لە کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٦ چووە بواری جێبەجێکردن، بەڵام سەرۆکی ئەمریکای ئەوکات دۆناڵد ترامپ لە ساڵی ٢٠١٨ لە ڕێککەوتنەکە کشایەوە، وسزاکانی بەسەر ئێراندا سەپاند (عربی، ٢٠٢١).

بابەتەکە ئەو کات دەستی پێکرد کە ئێران بڕیاردا بچێتە ناو مەیدانی ئەتۆمی وبنیاتنانی توانای ئەتۆمی لەسەر ئاستی سیاسی وهەرێمی ونێودەوڵەتی (ذاري، ٢٠٢١: ٧٢).

Action) لە ماوەیەکی کورتخایەندا زۆر بەرزتر بێت لەوەی کە دەبێت، وە بە بێ ڕەچاوکردنی هەڵگرتنی گەمارۆکان، سەرمایەدارە بیانییەکان هەر لە نیگەرانی دەمێننەوە بەهۆی ئەو ترسەی کە هەیانە لە دۆسیەکانی سپیکردنەوەی پارە وتێوەگلانی گەورەی سوپای پاسداران ئێران لە قەیرانی ئابووری و ئاستی بەرزی گەندەڵی لە ئێراندا (مؤسسة راند، ٢٠١٧: ٨).

حکومەتی ئێران ناچارە ڕێکاری سەختی خۆپارێزی بگرێتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵاوسان و کێشەکانی دراو، هەروەها هەوڵبدات بۆ باشترکردنی توانای ئێران بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەران، ئەمەش بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانەی رووبەرووی دەبێتەوە، وەک: ڕێژەی بێکاری، کە بە پێی ئەوەی ڕۆیتەرز لە ڕاپۆرتەکانی ناوەندی ئاماری ئێرانەوە بڵاویکردووەتەوە، گەیشتووەتە ١٢،٤٦ لە ساڵی ٢٠١٧ کە بە بەراورد بە ساڵی پێشوو بە ڕێژەی ١،٤% زیادی کردووە و نزیکەی ٣،٢ ملیۆن کەس بێکارە لە ئێراندا کە ژمارەی دانیشتووانی هەشتا ملیۆن کەسە؛ هەژاری لە

شار و لادێکانی ئێراندا بەربڵاوە و بەپێی ئامارە فەرمییەکان نزیکەی ١٢ ملیۆن کەس لە ژێر هێڵی هەژاریی دا دەژین، لە کاتێکدا لە نێوان ٢٥ بۆ ٣٠ ملیۆن کەس لە هەژاریی ڕێژەییدا دەژین، وە لە پاڵ ڕێژەی بێکاری کێشەیەکی تر ئەوەیە تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی نیە ئاماژە بکات بە قەبارەی ئەو بڕە پارەیەی کە حکومەتی ئێران بۆ میلیشیاکانی سوریا، لوبنان، عێراق و یەمەن و تێچووی خەرجکردنی لە دامودەزگاکانی بڵاوکردنەوەی شیعەگەرایی وکەناڵەکانی ڕاگەیاندن خەرجی کردووە، بەڵام ئێران تۆمەتبار دەکرێت بەوەی بڕە پارەیەکی زۆر خەرج دەکات لەمبارەیەوە و ئەمەش بووەتە هۆکارێک بۆ لاوازکردنی ئابووری ئێران، و ڕەنگە مانگانە لە ملیارێک دۆلار کەمتر نەبێت، جگە لەوانەی پەیوەندییان بە سوریاوە هەیە، کە لە دوای دەستێوەردانەکەیەوە بە دەیان ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت (مرکز *الفکر الاستراتیجي للدراسات*، ٢٠١٨: ٤).

## (٣-٢-٢) هۆکارە سیاسییەکان

زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی ئێران لە گەنجان پێکهاتوون، وە ئەو توێژە هەر لە دایکبوونیانەوە تا ئەمڕۆ تەنها ئەم رژێمەیان بینیوە، بۆیە ئەوانە دەیانەوێت هاوشێوەی گەلانی تر بژین، بۆیە ئەم نەوە تازەیە بەرهەڵستی ئەم حکومەت و رژێمە دەکات (حکمت،٢٠١٣).

ئێران ململانێیەکی گشتیی بەخۆیەوە دەبینێت لە نێوان سەرۆکی هەر سێ دەسەڵاتەکەی سیستەمی سیاسی بە تایبەتی لە نێوان دەسەڵاتی دادوەری و جێبەجێکردن و سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، سادق لاریجانی و براکەی عەلی لاریجانی کە سەرۆکی ئەنجومەنی شورا واتە پەرلەمان بوو، وهەروەها دەستگیرکردنی کەسوکاری کەسایەتییە سیاسییەکان بە تۆمەتی گەندەڵی، لەوانە حەسەن ڕۆحانی برای سەرۆک کۆماری پێشوو وکەسوکاری سەرۆکی کۆچ کردوو هاشمی رفسنفجانی، ئەمانە هەمان ئەو پاڵنەرانەن کە پێدەچێت لە پشت بە ئامانجکردنی حەسەن ڕۆحانی سەرۆک پێشووی کۆمار بن کە لە کاتی هەڵبژاردنەکانی

سەرۆکایەتیدا، پارێزگارخوازەکان پاڵیان بە ئیبراهیم ڕەئیسیەوە نا بە ئامانجی بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکایەتی، ئەو ململانێیە دووانەییە نێوان پارێزگارخوازەکان و چاکسازیخوازان ئیتر گەیشتۆوتە ناکۆکی لە چوارچێوەی یەک بزوتنەوەدا، بەو پێیەی ئەو لیژنەیەی دەسەڵاتی پەسەندکردنی ڕەوایی کاندیدەکانی سەرۆکایەتیی وڵاتەکەی پێداوە سەر بە پارێزگارخوازەکانن، ئەحمەدی نەژاد سەرۆکی پێشوو و جێگرەکەی لە خۆکاندیدکردن دوورخستووەتەوە، دوای ئەوی ئەحمەدی نەژاد ئامۆژگارییەکانی ڕێبەری باڵای قەبوڵکرد بۆ ئەوەی خۆی کاندید نەکات، هەروەها چاکسازیخوازان سەرۆک کۆماری پێشوو ڕوحانی بە تاوانبار دەزانن کە ئەو بەڵێنانەی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا دابووی بۆ فراوانکردنی بازنەی ئازادییەکان و ئازادکردنی دوو کەسایەتی سیاسی زیندانیکراوەکان، کە دیارترینیان کاندیدەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٠٩، میر حوسێن موسەوی و مێهدی کەروبی کە شایەتحاڵی

نارەزایەتییەکی توند بوون (مرکز الفكر الاستراتيجي للدراسات، ٢٠١٨: ٥).

بە سەرنجدان بە فراوانبوونی نارەزایەتییەکان، تەنانەت لە ناوچەکانی شیعە فارسەکان، ئاماژەن بۆ بڵاوبوونەوەی عەلمانیەت و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی تیۆکراتی ئایینی و هەوڵدان و تێکۆشان بە ڕێژەیەکی زۆر بە تایبەت گەنجان بۆ ڕزگاربوون لە چوارچێوەی ئایینی کلتووری کە دامەزراوە فەرمی و ئاینییەکانی وڵات هەوڵی سەپاندنی دەدەن (ستراتیجیکس، ٢٠٢٢).

بەشێک لە شارەزاییانی کاروباری ئێران پێیان وایە کە قەیرانی ئێران بریتییە لە ململانێی نێوان نوخبەی دەسەڵاتدار و وڵاتانی ڕۆژئاوادایە لەسەرووی هەمووشیان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەندێکی دیکەش پێیان وایە کە بەڕاستی قەیرانەکە لە شێوازی حوکمڕانی ئیداری ئێران و بێتواناییەکەیدایە بۆ دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ هاوڵاتییە هەژارەکانی کە تادێت هەژارتر دەبن، جەوهەری قەیرانەکە ئەوەیە لای هەندێکی تر پێیان وایە کە بەفیڕۆدانی سەروەت

وسامانی ئێران لە ململانێ بێکۆتای هەرێمایەتییەکانە (حرمون، ٢٠١٦: ١٦).

## (٢-٢-٤) دۆخی مافی مرۆڤ

بەرگریکاران و پارێزەرانی مافی مرۆڤ بەردەوام بوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرتن و دەستبەسەرکردن و دادگاییکردنیان، نەسرین سۆتودە پارێزەری ناوداری مافی مرۆڤ و ڕەزا خەندان هاوسەرەکەی دەستبەسەرکران و تۆمەتبارکران بە پاڵپشتیکردنی ژنان، و نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە پۆشینی سەرپۆش بە زۆرلێکردن، دەسەڵاتداران لایەنی کەم ١١٢ ژنی بەرگریکاری مافی مرۆڤیان دەستگیرکرد، دادگاییان کرد، و بەردەوام بوون لە دەستبەسەرکردنیان، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری یاداشتەکەی مادەی ٤٨ی یاسای دادگاییکردنی تاوانەکانی بەکارهێنا، ئەو کەسانەی کە ڕووبەڕووی هەندێک تۆمەت دەبنەوە لەوانە ئەوەی پەیوەندییان هەیە بە ئاسایشی نیشتمانی، لە مافی دەستگەیشتن بە پارێزەرێک بە دڵی خۆیان لە قۆناغی لێکۆڵینەوە قەدەغە

دەکات وناچاریان دەکات کە دەبێ تەنها پارێزەرێک هەڵبژێرن لە چوارچێوەی ئەو لیستە بچووکەی ئەو پارێزەرانە بن کە لەلایەن سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری پەسەندکراون، کە بەلایەنی کەم ٩ کەس لە بارودۆخی گومانلێکراو بەهۆی پەیوەندییان بە خۆپیشاندانەکانی کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ و سەرەتای ٢٠١٨ دەستگیرکران وگیانیان لەدەستدا، وە بەرپرسان پرووپاگەندەی ئەوەیان کردووە کە هەندێکیان خۆیان کوشتووە، خێزانەکانیان نارازی وناکۆکیان کرد لەسەر ئەم تۆمەتانە، دوای ئەوەی شوێنەواری ئەشکەنجەدان لەسەر بەشێک لە تەرمی قوربانییەکان بڵاوکرایەوە، دەسەڵاتدارانی دادوەری بەردەوام بوون لە سەپاندن و جێبەجێکردنی سزای دڕندانە، سووکایەتیکردن، یان مامەڵەکردنی نامرۆڤانە کە دەگەیشتنە ئەشکەنجەدان، لەنێویاندا لەسێدارەدانی گشتی، وهەروەها بەهۆی ئەو کارانەی کە نابێت بەپێی یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ بە تاوان بناسرێن، ئەم کردارانە بریتین لە بەشداریکردن لە نارەزایەتی ئاشتییانە، کۆبوونەوە کلتوورییەکان،

پەیوەندی دەرەوەی هاوسەرگیری و بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی ڕەگەزی تێکەڵاو (منظمة العفو الدولية، ٢٠١٩: ٢-٣).

## (٢-٣) خۆپیشاندانی ساڵی ٢٠٢٢: سەرهەڵدان، پاڵنەر وهۆکارەکان

ئەم بەشە تیشک دەخاتە سەر تەوەرێکی گرنگ لە بارەی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠٢٢ لە میانەی ئەم لقانەی خوارەوە:

### (٢-٣-١) سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی ٢٠٢٢ :

لەرۆژی١٦-٩- ٢٠٢٢، کچە کوردێک بەناوی مەهسا (ژینا) ئەمینی لە تەمەن ٢٢ ساڵ لە کاتی دەستبەسەرکردنی لە لایەن پۆلیسی ئەخلاقی ئێران گیانی لەدەست دا، ئەفسەرانی پۆلیسی ئەخلاق ژینایان دەستگیرکردووە، چونکە گوایە وەک پێویست سەرپۆشی لەسەرنەکردووە، بەپێی قسەی دەسەڵاتداران، شایەتحاڵەکان دەڵێن پۆلیسی ئەخلاق لە سەری ژینایان داوە، دواتر کەوتە حاڵەتی لە هۆش خۆچوون(غیبوبە) و پاشان لە لای دەزگا پەیوەندییدارەکان و دەزگا ئەمنیەکان گیانی لە دەستدا، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران ئەمەیان ڕەتکردەوە، وئەم قسەیان بڵاوکردەوە کە ژینا بەهۆی جەڵتەی دڵەوە

گیانی لەدەستداوە، کوشتنی مەهسا ئەمینی نارەزایەتی جەماوەری لە سەرتاسەری ئێران بەدوای خۆیدا هێنا کە بە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" دەناسرێتەوە، کاتێک هاوڵاتیانی ئێران بەشداریان کرد لە نارەزایەتییەکان، هێزە ئەمنییەکان گازی فرمێسکرێژێن و تۆپی ئاو، و چەکی ئاگرینیان لەدژی خۆپیشاندەران بەکارهێنا و بە ئارەزووی خۆیان خۆپیشاندەرانیان دەستگیرکرد و کوشتیان، دوای گیانلەدەستدانی ژینا ئەمینی لە تاران، خۆپیشاندان دەستپێیکرد، لە کاتی پرسەیی ژینا رۆژی دواتر نارەزایەتییەکان تەشەنەی کرد بۆ شاری سەقز شاری ژینا ئەمینی لە ماوەی حەفتەکانی سەدەی رابردوودا، نارەزایەتییەکان لە ناوچەکانی دیکەی ناوچە کوردنشینەکان بەردەوام بوون و لە کۆتاییدا تەواوی ٣١ پارێزگاکەی ئێرانی گرتەوە، دەسەڵاتداران لەو کاتەی کە نارەزایەتییەکان گەیشتە لوتکە وهەموو شارەکانی گرتەوە بەشێکی ئینتەرنێتیان داخست، لە هەینی ٣٠ی ئەیلولی ٢٠٢٢ کە بە "هەینی خوێناوی" ناسرا، یەکێک بوو لە خوێناویترین رۆژەکان لە سەرەتای

خۆپیشاندانەکانەوە لە شاری زاهیدان لە پارێزگای سیستان و بلوچستان، هێزە ئەمنییەکان گوللەی زیندوویان ئاراستەی خۆپیشاندەران کردووە ( The Danish Immigration Service, ٢٠٢٣).

بەگوێرەی ئاژانسی هەواڵی چالاکەرەکانی مافی مرۆڤ (Harana)، کە ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆیە بۆ مافەکانی مرۆڤ، تا ١٩ی شوباتی ٢٠٢٣ کۆی گشتی ئەو خۆپیشاندەرانەی لە ١٧ی ئەیلولی ٢٠٢٢ەوە کوژراون ٥٣٠ خۆپیشاندەر بووە، تا مانگی ئاداری ٢٠٢٣ هێشتا نارەزایەتییەکان لە ئێران بەردەوام بوون، هەرچەندە تا بە ڕادەیەکی کەمتر لە سەرەتای نارەزایەتییەکان و ئێرانییەکان بەردەوام بوون لە پیشاندانی نارەزایەتی بە شێوازی جۆراوجۆر وەک چوونە دەرەوەی ژنان بەبێ سەرپۆش، هەروەها ئێران دوو جۆری جیاوازی هێزی چەکداری هەیە، یەکێکیان لەشکری سیستەمی (Artesh) ئەوی دیکەشیان سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامییە (IRGC) ئەرکە سەرەکییەکانی سوپای سیستەمی بەرگریکردنە لە خاکی ئێران، هاوکات سوپای پاسداران

خاکی ئێران و سیستمە تیۆکراتیکەکەی کۆماری ئیسلامی دەپارێزێت، سوپای پاسداران و سوپای سیستەمی لە کاتی شەڕدا هاوکاری دەکەن پەسیج (کە وشەییێکی فارسیە بە واتای کۆکردنەوە دێت ) میلیشیایەکی نیمچە سەربازی خۆبەخشی سوپای پاسدارانە هێزەکانی بەسیج لە سەرتاسەری ئێران لقیان هەیە، ئەرکە سەرەکییەکانی میلیشیا بریتین لە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ و جێبەجێکردنی یاسا، و هەروەها پۆلیسی ئەخلاقی دەوریەی ڕێنمایی ئێرانی (گشت إرشاد) کە بە پۆلیسی ئەخلاق ناسراوە، یەکەیەکە سەر بە ئێرانە، هێزەکانی جێبەجێکردنی یاسان، پۆلیسی ئەخلاقی دەوری شەقامەکان دەدات و یاساکانی سەبارەت بە جل و بەرگی ئیسلامی لە کایەی گشتیدا جێبەجێ دەکات، پۆلیسی ئەخلاقی دەتوانێت ئەو ئێرانیانەی کە پابەند نین بە پۆشینی جلوبەرگی ئیسلامییەوە دەستگیر بکات، ئاگاداری کەسە دەستبەسەرکراوەکان دەکەن یان لە هەندێک حاڵەتدا دەبردرێنە ئەو شوێنانەی کە پێیان دەوترێت

"ناوەندەکانی وانەوتنەوە" و فێری سەرپۆشی ئیجباری و بنەما ئیسلامییەکان دەکرێن، پۆلیسی ئەخلاقی زۆرجار لە ئەندامانی پەسیج پێکهاتووە، لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٣دا بڵاوکرایەوە کە لانیکەم ٤٠ کەس سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، هاوکات زیاتر لە ١٠٠ کەس بە تاوان تۆمەتبارکراون، کە ئەگەری هەیە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا بسەپێنرێت (The Danish- Immigration Service, ٢٠٢٣).

لە لایەکی دیکەوە هۆکارە ئابوورییەکان تەنیا ڕۆڵێکی پەراوێزییان لە نارەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠٢٢دا هەبوو، بەڵکوو گرنگیدانی زۆر بە مافە مەدەنییەکان دەستیان پێکرد، واتە ڕەتکردنەوەی سەرپۆشی ئیجباری و بەدیهێنان وبەرەوپێشبردنی مافەکانی ژنان لە بەرامبەر ئەو مامەڵە توندوتیژیەی کە پۆلیسی ئەخلاقی ئەنجامی دەدا لەگەڵ ژنانی ئێران، نارەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠٢٢ هاوشێوەی نارەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠١٩ بوون لە سروشتی بەرێوەچوونی و نەبوونی سەرکردایەتی، ولە ڕووی جوگرافیا نارەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠٢٢

بەربڵاوترین ناڕەزاییەتی بوو لە مێژووی ئێران ( Azizi & Veen, ٢٠٢٣: p٩).

## (٢-٣-٢) پاڵنەر وهۆکارەکانی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠٢٢:

چالاکوانانی ئێران و نوێنەرانی کۆمەڵگای مەدەنی لەم بارودۆخە سەختەدا جەختیان لەسەر سروشتی بنەڕەتی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران کردەوە، لەژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، خەڵک داوای ڕێزگرتن و جێبەجێکردنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و ئازادییە سیاسییەکانیان دەکەن، لەمەوە کۆمەڵێک داواکاری خۆپیشاندەران وەردەگیرێت کە ئەگەر دابین بکرێت، دەتوانێت یارمەتی سەرکەوتنی شۆڕش بدات، کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ناڕەزایەتیانە ئەوەیە کە باس لە پرسگەلێکی وەک توندوتیژی دژی ژنانیش دەکەن کە پێشتر بابەتێکی قەدەغەکراو بوو لە کۆمەڵگای ئێراندا، وە بە شێوەیەکی گشتی، سێ جۆر داواکاریی کۆمەڵگەی مەدەنی هەن:

١- ئەوانەی کە داوای چارەسەرکردنی بارودۆخە تایبەتەکانی مافی مرۆڤ و پێداویستییە مرۆییەکان دەکەن.

٢- ئەوانەی کە داوای پشتیوانی ماددی و مەعنەوی بۆ شۆڕش دەکەن.

٣- ئەوانەی داوای دادپەروەری دەکەن بۆ تاوانەکان کە ئەنجامدراوە و هەوڵدەدەن سەرکوتکردنی توندوتیژ بوەستێنن (Mittelhammer & Adebahr, ٢٠٢٣: p١٧).

کەواتە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠٢٢ بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە کە بریتییە لەمانەی خوارەوە:

١- تێکچوونی باری ئابووری: ئێران بە دۆخێکی خراپی ئابووریدا تێدەپەڕێت کە تەنها بەهۆی ئەو سزایانە نییە کە بەسەریدا سەپێنراوە، بەڵکو هۆکاری سەرەکی پشت ئەم بارودۆخە بریتییە لە خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری و گەندەڵی بەربڵاو لەو وڵاتەدا.

٢- بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری: بازاڕی کار لە ئێران بەدەست چەندین کێشەوە دەناڵێنێت، کە ڕێژەی بێکاری لە وڵاتی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٣ بەرزبووەتەوە بۆ ٩،٧٠%.

٣-بەردەوامبون لە سنووردارکردنی ئازادییەکان: ژنانی ئێرانی بەردەوامن لە سەرپێچیکردنی ئەو یاسایانەی کە دەسەڵاتداران بەسەریان سەپاندوە سەبارەت بە جل وبەرگی ئیسلامی، بە چوونە دەرەوە بەبێ سەرپۆش لە شوێنی گشتی، بەتایبەتی لە ناوچەکانی تاران، هەرچەندە پۆلیسی ئەخلاقی دوای مردنی مەهسا (ژینا) تاڕادەیەکی زۆر لە شەقامەکان ئامادە نەبوون، بەڵام کە نارەزایەتییەکان هێمن بووەوە، بە دانانی کامێرای چاودێری گەڕانەوە بۆ سەر شەقامەکان بۆ چاودێریکردن و سزادانی ئەو ژنانەی کە سەرپۆش ناپۆشن (صابر، ٢٠٢٣).

بەشێوەییێکی گشتی لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بەردەوام سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان لە ئێران دوای ساڵی ١٩٩٧ بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابوری ونەگونجانی حکومەتی ئیسلامی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگای ئێرانی هاوچەرخ و سنوردارکردنی ئازادییە مەدەنیەکان وسەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان بە بەکارهێنانی خراپترین ئامرازەکانی سەرکوتکردن دژی خۆپیشاندەرەکان و زۆرلێکردن بۆ پۆشینی سەرپۆش لەسەر ژنانی ئێرانی، وچەندین هۆکاری تری سیاسی

وکۆمەڵایەتی ئەمانەش کۆمەڵێک هۆکار بوون کەبووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین نارەزایەتی هەر لە ساڵی ١٩٩٩ تاوکو ساڵی ٢٠٢٢کە دواییینیان بەهۆی کوشتنی ژینا ئەمینی بوو لەسەر دەستی پۆلیسی ئەخلاقی.

## (٢-٣-٣) خاڵە لاوازەکانی نارەزایەتییەکانی ٢٠٢٢ی ئێران:

١- نارێکی، ناچۆنییەکی، ناهاوتەریبی و نەبوونی هاوسەنگی لە ڕووی ناوچەیی و جوگرافییەوە، یەکێکە لە گەورەترین هەڕەشەکانی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە، بەم واتایە کە قورسایی زیاتری بزووتنەوەکە لەسەر شارەکانی کوردستان و شارەکانی پارێزگاکانی گیلان و مازەندەران و لە بەلوچستان بووە، هەرچەندە بەپێی ژمارەی نارەزایەتییەکان تاران بەرزترین ئاستی نارەزایەتیی بەخۆیەوە بینی، بەڵام دواتر، ئەوە بزووتنەوەی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و مانگرتنی قوتابیانی زانکۆکان بوون کە لەو شارە و شارەکانی دیکە ئەرکەکەیان گرتە ئەستۆ و بەهێزترین نارەزایەتییان دەربڕی.

٢- یەکێکی تر لە خاڵە لاوازەکانی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە ئەوە بوو، لە ڕووی چینایەتییەوە زیاتر چینی ناوەڕاست و ئەو چینەی کە لە ڕووی کەلتوورییەوە-نەک ئابووری- خۆی سەر بەم چینە دەزانێت، بەشدار بوون و ئەمەیش بەرفراوانی و

قووڵایی و بەشداریی تاکەکانی لە پەیوەستبوون بە نارەزایەتییەکان لاواز کرد؛ بەو پێیەی کە بەهۆی بارودۆخی نالەباری ئابووری لە چەند دەیەی ڕابردوودا لە ئێران، ڕێژەی هەژاری لەو وڵاتەدا لە بەرزترین ئاستدایە.

٣- تاوەکوو ئێستا، بەپێی وتەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، نێوەندی تەمەنی بەشداربووانی ئەم بزووتنەوەیە، لە نێوان ١٥ بۆ ٢٥ساڵ بووە، ئەگەر ئەم وتەیە بەڕاست وەربگرین، ئەوە دەری دەخات کە زۆربەی ئێرانییەکان بەشدارییان لەم بزووتنەوەیەدا نەکردووە کە لە خوار و لە سەروو ئەم تەمەنەن.

٤- هەرچەندە نەبوونی ڕێبەری لەم بزووتنەوەیەدا خاڵی بەهێزی بوو، بەڵام بە تێپەڕینی کات دەرکەوت کە نەبوونی شێوازێک لە ڕێبەری دەتوانێت خاڵی لاوازیشی بێت، بەم واتایە کە هەم لە ئاستی ناوخۆیی و هەمیش لە ئاستی دەرەکی و پاشان نەبوونی پەیوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم دوو ئاستەدا پێکەوە وای کرد، بزووتنەوەکە ڕووبەڕووی قەیرانێکی ڕێبەرایەتی یان بەڕێوەبردن و نوێنەرایەتی ببێتەوە (ڕەحیم، ٢.٢٣).

# (٣) کاریگەری ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٢٢ لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران

لەم بەشەدا جەخت دەکەینە سەر کاریگەری ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٢٢ی ئێرانییەکان لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی و هەرێمایەتی ونێودەوڵەتی لە میانەی ئەم باسانەی خوارەوە:

## (٣-١) کاریگەری ناڕەزایەتییەکان لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی وکاردانەوەی حکومەت:

هەرچەندە سروشت و چڕی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ئێران لە ماوەی ١٤ ساڵی ڕابردوودا پەرەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام وەڵامدانەوەی حکومەت بۆ خۆپیشاندەران تاڕادەیەک جێگیر بووە و ئەم رەگەزانەی لەخۆگرتبوو: بەشداریکردن لە توندوتیژیی سیستماتیک و دەستبەسەرکردنی بەربڵاو (لەگەڵ ئەشکەنجەدانی دەستبەسەرکراوان)، سنووردارکردنی فەزای گشتی و فراوانکردنی بازنەی چاودێری کردن، وهەموو هەوڵێک بۆ داماڵینی ڕەوایەتیی ئەخلاقی، وسیاسی، وئایدۆلۆژی لە ناڕەزایەتییەکان، وە

وەڵامدانەوەی گشتی حکومەت بە تێپەڕبوونی کات گۆڕاوە، بە بەکارهێنانی تەکتیکی ڕێگریکردن کە ڕێگەی بە توندوتیژی بێ سنوور داوە، ئەمەش لە بەرامبەردا پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە پەراوێزخستنی هەنگاو بە هەنگاوی چاکسازی وەک چەمک و ئەجێندا؛ لە هیچ کام لە سێ ناڕەزایەتیەکانی ئێران لە ساڵانی ٢٠٠٩ و ٢٠١٩ و ٢٠٢٢دا حکومەت هیچ هەنگاوێکی کردەیی یان ئاشتەوایی بەرەو جێبەجێکردنی داواکارییە سەرەکییەکانی ناڕەزایەتیەکان نەناوە، بە تایبەتتر، ناڕەزایەتییەکانی تشرینی دووەمی ٢٠١٩، وەڵامی حکومەت گۆڕا بۆ سەرکوتکردنێکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ و کوشتنی سیستماتیکی، هەروەها دەستگیرکردنی بەکۆمەڵ لە کاتێکدا لە ماوەی چەند مانگێک ناڕەزایەتییەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی ٢٠٠٩ لانیکەم ٨٠ کەس کوژران (Azizi & Veen, ٢٠٢٣: ١).

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (منظمة العفو الدولية) ئاماژەی بەوەدا کە لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٩دا

لانیکەم ٣٢١ کەس لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە کوژراون (Amnesty international, ٢٠٢٢)، هەروەها ژمارەی کوژراوەکانیش لە ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠٢٢ زۆر بوو، بە پێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی هەواڵی ئێران بۆ مافی مرۆڤ تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ نزیکەی ٥٠٧ کەس کوژراون کە ٦٩ کەسیان منداڵ بوون، لە هەمان کاتدا ٦٦ فەرمانبەری حکومەتیش کوژران، هەر لەو ماوەیەدا زیاتر لە ١٨ هەزار و ٥٠٠ کەس دەستبەسەر کراون کە لانیکەم ٦٦٥ خوێندکار بوون، ئەمەش ژمارەیەکی بێ وێنەیە بە بەراورد بە ناڕەزایەتییەکانی پێشوو، تەنانەت ئەوانەی لە ساڵی ٢٠١٩دا سەریان هەڵدا، وە هەروەها سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیا تەکتیکێکی تری بەردەوامی حکومەت بوو دژی ناڕەزایەتییەکان (Azizi & Veen, ٢٠٢٣: ١٤-١٥).

لەم باسەدا چەند سیناریۆیەک باسدەکەین لە بارەی سیناریۆ و شێوازەکانی ڕووبەڕوونەوەی ناڕەزایەتیەکانی ئێران:

## (٣-١-١) سیناریۆی سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان لەلایەن ڕژێمی ئێران

لێرەدا ئاماژە بە سیناریۆیی بەردەوامی سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان لەلایەن ڕژێمی ئێران دەدەین کە، ئەم سیناریۆیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بارودۆخی ئێستای ئێران لەگەڵ سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان ڕەنگە سەرکەوتوو بێت لە لاوازکردنی ناڕەزایەتییەکان و کاڵکردنەوەیان، بە تایبەت بەستنەوەی ئەم ناڕەزایەتیانە بە وڵاتانی دەرەوە کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ خواستی دەوڵەت بۆ درێژەدان بە سیاسەتی سەرکوتکردن و پاساودانی لە جیاتی پەسەندکردنی چاکسازیی ڕاستەقینە کە دەبێتە هۆی وەستاندنی دۆخی ئێستای ناڕەزایەتییەکان (مركز الفكر الاستراتيجي للدراسات، ٢٠٢٣: ٩).

بەگشتی ئەم سیناریۆیە چەند تەوەرێک لە خۆ دەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

## (٣-١-١-١) شێواز و میکانیزمەکانی پەیڕەوکردنی سیناریۆکە:

ئەم سیناریۆیە پشت دەبەستێت بە چەند میکانیزمێک، وەک:

١- پەیڕەوکردنی سیاسەتی سەرکوتکردنی توند بۆ تێپەڕاندنی داواکارییەکانیان، جگە لەوەی رژێم ئەزموونێیکی بەرفراوانی هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرکوتکردن و گەمارۆدانی ناڕەزایەتییەکان.

٢- حکومەت لێدوانی توندی دژ بە خۆپیشاندەران دەدات و بە ئاژاوەگێڕ و هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی دەزانی و ڕەتکردنەوەی دانپێدانان بە داواکارییەکانیان یان بوونی ناڕەزایەتی کە بە لایەنیکەم پێویستی بە چاکسازی هەیە.

٣- چاودێریکردنی توند بەسەر میدیای ئینتەرنێتدا سەپێنراوە، دۆسیەکانی لەسێدارەدان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٢٢ لایەنی کەم ٣٩ خۆپیشاندەر بەر مەترسی لەسێدارەدان کەوتوون، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ڕژیمی دەسەڵاتدار لە

ئێران بەردەوامە لە بەکارهێنانی سیاسەتی تۆقاندن بە سزای لەسێدارەدان و سزای توند بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران (مرکز الفكر الاستراتيجي للدراسات، ۲۰۲۳: ۹).

جگە لەمە نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە کۆماری ئیسلامی بە سیمایەکی دامەزراوەیی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمەش بۆتە خەسڵەتێکی بەردەوامی ئەم سیستمە و دەبێتە هۆی مانەوەی سەرکردەی باڵا نوێنەرایەتی چەندین ناوەندی دەسەڵات دەکات، کە لە بیرۆکراسی یان کوتلە حکومییەکان لە نێوان نوخبە دەسەڵاتدارەکاندا پێکهاتووە کە کێبڕکێ لەسەر کاریگەریی سیاسی و قازانجی ئابووری دەکەن، ئایەتوڵڵا خامنەیی ڕێبەری مەزنی شۆڕشی ئیسلامی لەبری ئەوەی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکانی کە دەستوور پێی سپاردووە بسەپێنێت، کاردەکات بۆ بەشداریکردنی ناوەندە هێزە جۆراوجۆرەکان و نوخبە دەسەڵاتدارەکان لە بڕیاردان، وەک ناوبژیوانی کۆتایی لەنێوان ناوەندە هێزە ململانێکەرەکان مامەڵە دەکات، ئەمەش نەک تەنها

گەرەنتی حوکمڕانی باشتر دەکات وسیستەم لە هەڵەکانی ڕیبەری مەزن دەپارێزێت، بەڵکو یارمەتیدەرە بۆ دابەشکردنی بارگرانی، وبەرپرسیارێتی و تۆمەتبارکردن لە حاڵەتی شکستهێنانی سیاسەتەکە، ئەمەش دەکرێت خاڵێکی باش بێت بۆ خامنەیی بە هۆی خراپی پێشینەی خامنەیی لە بەڕێوەبردنی قەیرانە ناوخۆییەکان، ئەمەش سەرەتایەکە بۆ ڕەفزکردنی خامنەیی بەوەی دان بنێت بە هەبوونی قەیران، ئەمەش وادەکات کە هیچ هەنگاوێک نەگرێتە بەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، بۆ نموونە: لە یەکەم ڕۆژی نارەزایەتییەکانی ئەیلوولی ٢٠٢٢دا، خامنەیی لە وتارێکی حەوت خولەکیدا بۆ کۆمەڵێک خوێندکار کە یادی بۆنەیەکی ئایینییان بوو، هیچ باسێکی دەربارەی ئەو نارەزایەتیانە نەکرد، هەرچەندە کە نارەزایەتییەکان بەشێوەییێکی بەرفراوان وبەخێرایی لە هەموو ناوچەکاندا بڵاوبوویەوە، کەچی خامنەیی دیسان خۆی بەدوورگرت لەم بابەتە لەدووەم دەرکەوتنی گشتیدا لە ٢١ی سیبتەمبەر، لە کاتی وتاری دەربارەی جەنگاوەرە

دێرینەکان کە لەکاتی جەنگ لەگەڵ عێراقدا کوژران، و لە ٢ی ئۆکتۆبەر لەوتاری بەرامبەر بە دەرچووانی ئەکادیمیەکانی ئەفسەر، سەرۆکی مەزنی شۆڕشی ئیسلامی سەرنجی دا لەسەر "دوایین بابەتەکان"، بۆیە دامودەزگا و ناوەندەکانی دەسەڵات قەیرانەکانیان بەڕێوبرد لەکاتی دیار نەبوونی خامنەیی کە هۆکاری دیار نەبوونی بۆ خەڵک ڕوون نەکرایەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خامنەیی بەشداری نەکردووە لە بەڕێوبردنی ڕۆژانەی قەیرانەکان (آلفونە، ٢٠٢٣).

## (٣-١-١-٢) ئەگەرەکانی شکستی سیناریۆکە

ئەوەی ئەم سیناریۆیە لاواز دەکات بریتییە لە:

١- خراپی بارودۆخی ئابووری و ژیان کە جوڵەی نارەزایەتیەکان زیاد دەکات و ڕێگری لە سەقامگیری حکومەت و ڕژێمی دەسەڵاتدار دەکات.

٢- هەوڵەکانی ڕۆژئاوا بۆ سەپاندنی گوشار بەسەر ئێران بۆ وەڵامدانەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە ڕێگەی پشتیوانیکردنی نارەزایەتییەکان و سەپاندنی سزا بەسەر هێماکانی شۆڕش ورژێم لە ژێر پاساوی مافی مرۆڤدا (مركز الفكر الاستراتيجي للدراسات، ٢٠٢٣: ٩).

شکستی دەسەڵاتداران لە چارەسەرکردنی بارودۆخەکە وفراوان بوونی نارەزایەتییەکان ئەویش بەهۆی چەند هۆکارێکە کە بریتین لە:

١- شکستی حکومەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانە ئابوورییەکان.

٢- ئاستی هەڵاوسان بەردەوامە لە هەڵکشان و بێکاری بە ڕێژەیەکی بەرز بڵاوبووەتەوە بەبێ ئەوەی کەمبێتەوە، ئەمەش ڕەنگە بەردەوام بێت لە

بەرزبوونەوە لەگەڵ گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ توندکردنەوەی سزاکانی سەر ئێران لە ئەنجامی نەگەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر دۆسیەی ئەتۆمی.

٣- ئەو ڕەخنانەی کە لەلایەن بزووتنەوەی چاکسازیخواز و هەندێک کەسایەتییە ئایینیەکانەوە ئاراستەی ڕژێم دەکرێت، بزووتنەوەی جەماوەری زیاتر دەکات (مركز الفكر الاستراتيجي للدراسات، ٢٠٢٣: ١٠) هەروەها سەبارەت بە یەکخستنی پێکهاتەی سیاسی لە ژێر دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی و ئەوانەی ژێردەستەی خامنەیی، نزیک بە یەک لەسەر سێی وەزیر و جێگرەکانی سەرۆک وەزیران کە مێژوویێکی درێژیان هەیە لە ئەندامێتی و سەرکردایەتی لە سوپای پاسدارانی ئێراندا، کە ئەمەش کارئاسانی دەکات بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی سیستەم لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە، هەرچەند پاساوی سیستەم بۆ ئەمە بریتییە لە گرنگیدان بە گەشەپێدانی ناوخۆیی و جێبەجێکردنی ئابوورییەکی خۆڕاگر، بەڵام یەکگرتنی پێکهاتەی سیاسی بەم شێوەیە کێشەی زۆری بۆ سیستەمی سیاسی و

خەڵکی ئێران لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەحمەدی نژاد دا دروستکرد (عبدالحي، ٢٠٢٣).

ئەوەی دۆخەکەی ئەوەندەی تر بارگاوی کردووە، هەلومەرجی خراپی گوزەرانی خەڵکە، ئێران بۆخۆی وڵاتێکی دەوڵەمەندە، بەڵام بەشی هەرەزۆری داهاتەکەی بۆ بەهێزکردنی سوپاو خۆچەکدارکردن، وپیشەسازییە سەربازییەکانە، وە خەونی هێنانەکایەی "ئیمپراتۆرییەتی شیعەی ئێرانی" لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو دەستتێوەردانی لەکێشەکانی ناوچەکە (وەک سووریا، لوبنان، یەمەن، عێراق)، ئەوەندەی تر باری ئابووریی ئەم وڵاتەی گران کردووەو ئەم دەستتێوەردانو "خەونە گەورانە"، لەسەر حسابی ژیانی هاوڵاتییانی ئاسایی کەوتووە، بۆیە بەشێکی گرنگی دروشمەکانیش نارەزایی دەربڕینە لەو سیاسەتە فراوانخوازییە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەرچەندە کۆماری ئیسلامی ئێران لەئاستی دەرەوەدا لەهەڵکشانێکی سیاسیو سەربازی گەورەدایە، بەڵام لەئاستی ناوخۆدا لەداخورانێکی بەردەوامدایە (ئاشتی، ٢٠١٨).

## (٣-٢) کاریگەری نارەزایەتییەکان لەسەر سیاسەتی هەرێمایەتی ئێران

لەم باسەدا جەخت دەکەینە سەر سیاسەتی هەرێمایەتی ئێران دەکەین لە چوارچێوەی نارەزایەتییەکانی ٢٠٢٢؛ لە میانەی ئەم تەوەرانەی خوارەوە:

### (٣-٢-١) رێکەوتنی نێوان ئێران وسعودیە

لە ئەنجامی نارەزاییەکانی ناوەخۆیی ئێران، رژێمی ئێران هەوڵی کەمکردنەوەی گوشارە دەرەکییەکان دەدات، لەم چوارچێوەیەشدا رژێم هەنگاوی ناوە بۆ پێداچوونەوە بە پەیوەندییە هەرێمایەتییەکانی، بەو پێیەی سعودیە و ئێران هەمیشە وڵاتی نادۆست بوون، دوژمنایەتیی تائیفی و ئایدۆلۆژی لەپاڵ دوژمنایەتیی سیاسیی نێوان دەسەڵاتداران تێکەڵی سیستمی سیاسی ئەم دوو وڵاتە بوون، وە پەیوەندییەکانی تاران و ریاز لە ساڵی ٢٠١٦دا پچڕا دوای لەسێدارەدانی پیاوێکی ئایینی شیعە بەناوی (نمر النمر) لە سعودیە، سەرەڕای ئەمەش، لەم دواییانەدا رێککەوتنێک بە نێوەندگیری چین لە نێوان هەردوولادا کراوە، کە دەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی لە ئاستی

ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا هەبووە، هەر بۆیە زۆرێک لە چاودێرانی سیاسی باس لە پێشکەوتنێکی چاوەڕوانکراو لە نێوان پێوەندییەکانی هەردوولا دەکەن لە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنە، بەڵام هەندێکی تر ئاماژەیان بەوە کردووە کە هۆکاری جۆراوجۆر بۆ لاوازی ڕێککەوتنەکەی نێوان هەردوولا هەیە، هەندێک سەرچاوە ئاماژەیان بە بەردەوامبوونی کێبڕکێی نێوان هەردوولا کردووەو لە ئەنجامی پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵاتەکە لەسەر خاکی وڵاتانی هەرێمی لە عێراق، سوریا، لوبنان ویەمەن، لەم چوارچێوەیەدا، ڕێککەوتنی نێوان هەردوو وڵات بەرەو پێشچوونی ئەوتۆ بەخۆیەوە نابینی، چونکە هەوڵی هێورکردنەوەی گرژییەکان دەدات زیاتر لە قووڵکردنەوەی ناکۆکیەکان، جگە لە هۆکارەکانی گەڕانەوەی سنووردراربوونی ئەم ڕێککەوتنە، بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بەبێ گەیشتن بە ڕێککەوتن بەردەوامە، کە خاڵێکی سەرەکییە لە ناکۆکییەکانی ئێران و سعودیە، هەروەها دەبێتە ڕێگر لەبەردەم هاوکاری ئابووری نێوان هەردوولا لە چوارچێوەی سزا ئەمریکیەکاندا، بۆیە ئێران

هەمیشە هەڕشەیەکی ئەمنیە بۆ ناوچەی کەنداوی عەرەبی هاوکات لەگەڵ بەردەوامی ویست وخواستە ئەتۆمییەکانی(*)، و بەردەوامی دەستێوەردان لە

(*) سەرەتای پێشکەوتنی بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٤، بەڵام چالاکیە ئەتۆمیەکانی ئێران دوای جەنگی ئێران - عێراق دەست پێدەکات. وە دەتوانین بڵێین سێ پاڵنەری سەرەکی هەبوون بۆ ئەوەی ئێران ئەم بەرنامەیە بگرێتە بەر، ئەوانیش: یەکەم/ پاڵنەری ئابووریە کە دەگەڕێتەوە بۆ سوور بوونی ئێران بۆ بەدەستهێنانی وزەی کارەبا، چونکە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بە راددەی ٢٠% کارەبای ئێران دابین دەکات لە ڕێگەی وێسگەکانی ئەتۆمیەوە، تاکو پشت نەبەستێت بە سەرچاوەی نەوت و غازی سروشتی. دووەم/ پاڵنەری سەربازیە کە ئێران دەیەوێت لە ڕێگەیەوە ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت و ڕێگە بگرێت لە دەستێوەردانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسی ئێران. سێیەم/ پاڵنەری سیاسییە ئەوەش دوای سەپاندنی سزاکانی سەر ئێران دێت لە لایەن ئەمریکا، کە دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە داواکارییە ناوەخۆییەکان کەم بکاتەوە لەبارەی باشکردنی بارودۆخی ئابووری و زیادکردنی ئازادیە گشتییەکان لە بواری سیاسی. لە هەمان کاتدا بەرنامەی ئەتۆمی ئێران دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئیستراتیژیەتی ئەمریکا و زیادکردنی پێگە و هەژموونی ئێران لە کەنداو و ئاسیای ناوەڕاست لە چورچێوەی ململانێیە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکانی لەگەڵ ئەمریکا لەم دوو ناوچەیە (ذاري، ٢٠٢١: ٧٢).

کاروباری ئەم وڵاتانەدا، هەرچەندە ئەمە نکۆڵی لەوە ناکات کە ڕێککەوتنەکە هەنگاوێکە بۆ کەمکردنەوەی ململانێیە ناوچەییەکان، وە پێویستی بەکاتێکی زیاترە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەهەندەکانی لەژێر ڕۆشنایی مەبەست و نیازەکانی هەردوولا (عبدالحي، ٢٠٢٣).

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێران بەردەوامە لە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی عەرەبی و کەنداو، و میلیشیا چەکدارەکانی بەردەوامن لە هەڕەشەکردن لە خاکی سعودیە، و تاران چەندین جار داوای لە ڕیاز کرد لەسەر مێزی دانوستان دابنیشن بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان، و لەبەرامبەردا سعودیە ڕەتی دەکردووە کە لەگەڵ ئێران دانوستان بکات تاوەکو ئێران هەڕەشەی میلیشیاکانی حوسی وناحوسییەکان بوەستێنێ لەسەر خاکی سعودیە و وڵاتانی کەنداو، کەواتە دوو هۆکاری سەرەکی لە پشت هەوڵە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکیەکان لەگەڵ سعودیە هەن:

یەکەم/ دۆخی خراپی ئابووری: ئەم ڕێکەوتنە لە کاتێکی زۆر هەستیاردا هات بۆ ئێران لەڕووی ئابوورییەوە، چ لەسەر ئاستی گەلی ئێران یان لەسەر ئاستی حکومەت، بەهۆی تێکەڵبوونی چەند کاریگەرییەکی ناوخۆیی ودەرەکی کە دۆخی ئابوری ئێرانیان خراپتر کرد، وەک دووبارە سەپاندنی سزاکان لەلایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠١٨، و هەروەها کاردانەوەکانی کۆرۆنا لەساڵی ٢٠٢٠، وە شەڕی ڕوسیا وئۆکرانیا لەساڵی ٢٠٢١، و سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان لەناوەخۆی ئێران بەهۆی کوشتنی مەهسا ئەمینی لەساڵی ٢٠٢٢، ئەمە لەلایەک؛ لەلایەکی ترەوە ئابوری ئێران گەشەی ئابووری لاوازی بەخۆیەوە بینیووە و وەبەرهێنان لە دەرەوەی وڵات و دارایی حکومەت و داهاتی نەوتی سنوردار ڕووبەڕووی کورتهێنانێکی دارایی گەورە بوونەتەوە، لە هەمان کاتدا ئێران ناتوانێت دەستی بگات بە هەموو یەدەگە بەستووەکانی لە دەرەوی وڵات، بۆ کەمکردنەوەی کێشە داراییەکانی، ئەمە جگە لە دابەزینی هەناردەکردن، ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی بارزگانی، وە

بەهای دراوی الرٍئیسی کە سەرۆکی کۆماری ئێستای ئێرانە نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن، ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی نیگەرانیەکانی خەڵکی ئێران، چونکە زیاتر لە ملیۆنان تاک لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، بۆیە هەر چۆنێک بێت پێویستە ئەم گۆڕانکاریانە پاڵ بەدەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بنێت بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری سیاسی پێش ئەوەی بارودۆخی ناوخۆیی لە ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەربچێت.

دووەم/ کاردانەوەکانی دەوڵەتی گۆشەگیر: پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی سعودیە لەگەڵ ئێران نزیکەی ٧ ساڵە لەمەوبەر، پاشخانی هێرشەکانی سەر بارەگا دیپلۆماسییەکانی سعودیە لە تاران ومەشهەد، گۆشەگیریی ئێرانی بەهێزترکرد، ئەمەش وای کرد کە زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکان پەیوەندی دیپلۆماسی بپچڕێنن لەگەڵ ئێران یان پەیوەندییەکانیان سنوردار بکەن بەهۆی ئەو سیاسەتەی ئێران کە دەستێوردان دەکات لە کاروباری ناوخۆیی ئەم وڵاتانە وەکو سعودیە

و بەحرین ویەمەن ومەغریب و میسرٍ وسودان وسۆماڵ و جیبۆتی (المعهد الدولي للدراسات الإيرانية، ٢٠٢٣: ١٠-١١).

## (٣-٢-٢) پەیوەندی ئێران لەگەڵ عێراق وهەرێمی کوردستان

ڕژێمی سیاسی ئێران سەرکەوتوو نەبووە لە چارەسەرکردنی کێشە سیاسی، وکۆمەڵایەتی، وئابوورییەکان کە لەبنەڕەتدا هۆکاربوون بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩، بۆیە هەر گۆڕانکاریەک لەناوخۆیی ئێران ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر دینامیکی هەرێمی، وەکو زلهێزێکی هەرێمی تا ئێستاش کاریگەریەکی یەکجار زۆری لە عێراق وسوریا ولوبنان هەبووە، وهەر ناسەقامگیرییەکی سیاسی ناوخۆیی کاردانەوەی دەرەکی بۆ ئەو وڵاتانە دەبێت، بەتایبەتی لە دۆسیەی عێراقدا، لە کۆتاییدا ڕەنگە ناسەقامگیری سیاسی لە ئێران پاڵ بە ئێرانەوە بنێت بۆ دەستبەردار بوون لە کاریگەرییەکەی لە عێراق یان دووبارە بەرهەمی بێنێتەوە، و لەهەردوو دەرئەنجامدا کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر ئاراستەی

سیاسەتی داهاتووی عێراق، لەلایەک ڕەنگە زیادبوونی ناسەقامگیری لە ئێران پێگە و نفوزی ئێران لە عێراق تێکبدات، چونکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر شێوەی حکومەتی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، ئەمەش ئاشکرایە لەساڵی ٢٠٠٥ ئێران کاریگەرییەکی زۆری بەسەر نوخبەی سیاسی وهێزە سەربازییەکانی عێراقدا هەبووە، وە ئەم کاریگەرییە لە ڕێگەی هێزەکانی حەشدی شەعبی بە ئاشکرا دیاربوو، وە ڕەنگە لاوازبوونی ئێران لە عێراق ڕێگە بە سیاسەتمەدارانی کورد و سوننە بدات بۆ بەڕێوبردنی کاروباری عێراق، وهەروەها ناسەقامگیری لە ئێران ڕەنگە پاڵ بە ئێرانەوە بنێت بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی شەڕانگێزانەتر لە عێراقدا، چونکە دەسەڵاتدارانی ئێران چەندین جار هەوڵی هەناردەکردنی کێشە ناوخۆییەکانیان بۆ وڵاتانی دەوروبەر داوە، ئەمە لە هەڕەشە ڕاستەوخۆیەکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان دیارە، ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو کە عێراق

بۆتە گۆڕەپانێک بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ئێران (أحمد وشكري، ٢٠٢٣).

بۆیە دەبینین کە هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانەکان لە ناوخۆیی ئێران لە ئاستی دەرەوە هەوڵی دا لەگەڵ عێراق ڕێکەوتنێک ئەنجامبدەن، ئەویش ڕێککەوتننامەی ئەمنی نێوان عێراق و ئێران بوو لە ١٩ ئازاری ٢٠٢٣ کە لە نێوان هەردوو وڵات لە بەغداد واژۆ کرا، لە لایەن قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق و عەلی شەمخانی سکرتێری ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئێران و بە ئامادەبوونی محەممەد شیاع ئەلسودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق، وە ئامانجی ڕێککەوتنەکە چارەسەرکردنی نیگەرانییەکانە سەبارەت بە گرووپە ئۆپۆزسیۆنە کوردەکانی ڕۆژهەڵات کە بنکەکانیان لە سنوری خاکی هەرێمی کوردستانی عێراقە؛ جێگەی ئاماژە پێدانە ئەو یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنە دەرئەنجامی چەند مانگێک ئامادەکاریی بوو، وە کاریگەری دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی ئاستەنگە ئەمنییەکان و بڕیاردان لەسەر بەڕێوەبردنیان لە نێوان هەردوو وڵاتدا، وە محمد

شیاع ئەلسودانی لەم ڕێککەوتنەدا دڵنیایی دا بە ئێران کەوا ڕێگە نەدات عێراق وەک خاڵی دەستپێک بۆ دەستپێکردنی هێرش بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ بەکاربهێنرێت و بە هیچ جۆرێک عێراق نابێتە پلاتفۆرمێک بۆ گروپە چەکدارەکان یان ئامانجێک بۆ هێرشەکان (أمواج میدیا، ٢٠٢٣).

هەرچی سەبارەت بە هەرێمی کوردستانە، ناسەقامگیری ئێران بووەتە هۆی تێکچوونی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان ئێران وهەرێمی کوردستان، کە پێشتریش بەهۆی ڕیفراندۆمی سەربەخۆی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٧ وە لە دۆخێکی خراپدا بوو، بە تایبەت لەدوای کوشتنی قاسم سولەیمان لەساڵی ٢٠٢٠، ئێران ترسی ئەوەی هەیە هەرێمی کوردستان ببێتە سەکۆیەک بۆ ئەمریکا کە چاودێری عێراق وئێران وسوریا بکات، لە ئەنجامدا ئێران هەرێمی کوردستانی کردە گۆڕپانی شەڕ وهێرشکردن لەسەر گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانی وهەروەها بۆ ئەوەی پەیامێک بۆ ئەمریکا وهاوپەیمانان بنێرێت (احمد وشکري، ٢٠٢٣).

## (٣-٢-٣) ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەفغانستان

ڕۆژنامەی (جمهوری اسلامی) سەردانی شاندێکی بزوتنەوەی تاڵیبان بۆ ئێران و دیدارەکەی لەگەڵ بەرپرسانی ئێران بە مەبەستی تاوتوێکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوانیان بڵاوکردۆتەوە، ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەکردووە، کە بزوتنەوەی تاڵیبان بەردەوامە لەنزیکبونەوە لە ئێران، وە پێی وایە کە ئەو سەردانە لەو بارودۆخەی کە ئێران پێی تێپەڕ دەبێت قۆناغێکی نوێییە لە پەیوەندی نێوان ئێران وتاڵیبان (إيران انترنشنال، ٢٠٢٣).

## (٣-٣) کاریگەری نارەزایەتییەکان لەسەر سیاسەتی دەرەکی ئێران

ئەم باسە تاوتوێی کاریگەری نارەزایەتیەکان دەکات لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەکی ئێران و جەخت دەخاتە سەر تەوەرێکی گرنک بەم شێوەیەی خوارەوە:

## (٣-٣-١) ئاوێتەبوونی نارەزایەتیەکانی ئێران لەگەڵ دۆسیەکانی تر

نارەزایەتیەکانی ٢٠٢٢ ئێران لەگەڵ ژمارەیەک دۆسیەی تر تێکەڵ بووە کە ڕەهەندێکی دەرەکیان هەیە، گرنگترین ئەم دۆسیانەش ئەمانەن:

١- شەڕی ڕوسیا وئۆکرانیا: ئەمریکا ئێران تۆمەتبار دەکات بە پشتیوانیکردنی ڕوسیا دابینکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ مۆسکۆ، وە واشنتۆن پێی وایە کە پەیوەندی ڕوسیا وئێران لە ئێستادا بەرەو «هاوبەشێکی تەواوی بەرگری»گۆڕاوە.

٢- وەستاندنی دانوستانە ئەتۆمییەکان: ڕەنگە لێدوانە فەرمییەکانی ئێران کە لایەنە دەرەکییەکان تۆمەتباردەکات لە پشتیوانی کردنی نارەزایەتییەکانی ئێران، لەچوارچێوەی شاردنەوەی دانوستانە ئەتۆمییە لەرزۆکەکەی لەگەڵ ئەمریکا بێت، و ئەو بارودۆخە سەختەی ئێران لەناوخۆدا بەهۆی نارەزایەتییەکان دەرفەتێک دەبێت لەلایەن زلهێزەکان بۆ فشار خستنە سەر حکومەتی ئێران بۆ قەبولکردنی ڕێکەوتنە

ئەتۆمییەکە، وڕازیبون بە داواکارییەکانی زلهێزەکانی ڕۆژئاوا لە ڕێکەوتنەکەدا، لەسەرووی هەمووشیان داواکارییەکانی ئەمریکا.

٣- وەستانی دانوستانە دیپلۆماسییەکانی ئێران و سعودیە: تاران بانگەشەی ئەوەی کرد کە سعودیە ڕۆڵی هەبووە لە هاندانی نارەزایەتی جەماوەری لە دژی ڕژێمی دەسەڵاتدار لە ئێران، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر هەوڵەکانی باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان تاران و ڕیاز هەبووە کە ساڵانی ڕابردوو بە نێوەندگیری عێراق چەند گفتوگۆیان ئەنجامدا، هەروەها ماڵپەڕی پۆلیتیکۆ دەربارەی بەرپرسێکی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بڵاویکردەوە، کە "ئێران بە نیازە هێرش بکاتە سەر سعودیە، وبە ئەگەرێکی زۆرەوە ژێرخانی وزەی شانشینی سعودیە بکاتە ئامانج"، وە بەر لەوەش ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرناڵ لەسەر زاری بەرپرسانی سعودیە و ئەمریکییەوە بڵاویکردەوە، کە واشنتۆن ئاگاداری ڕیازی کردووە لە نزیکبونی هێرشی ئێران بۆ سەر ئامانجەکانی سعودیە، بەڵام ئێران ئەم

هەواڵە ڕەت دەکاتەوە (مركز الفكر الاستراتيجي للدراسات، ٢٠٢٣: ٣-٤).

## (٣-٣-٢) هەڵوێستی نێودەوڵەتی سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی ئێران

لێرەدا ئاماژە دەدەین بە تێڕوانینی هەندێک لە دەوڵەتان لە بارەی خۆپیشاندانەکانی ئێران بەم شێوەیەی خوارەوە:

## (٣-٣-٢-١) نارەزایی ئەمریکا وئەوروپا

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەروەها وڵاتانی تری ئەوروپا وەک فەڕەنسا نیگەرانییەکی قووڵیان دەربڕیوە سەبارەت بە توندوتیژی پۆلیسی ئەخلاقی و ئەو کوشتنانەی کە تا ئێستا ئەنجامدراون، وە کۆشکی سپی مردنی ئەو کچە گەنجە (ژینا ئەمینی) بە کارێکی "لێخۆشنەبووە" وەسف کردووە و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئەنتۆنی بلینکن داوای لە ئێران کرد کۆتایی بە ستەمکاریی سیستماتیکی ژنان بهێنێت و ڕێگە بە خۆپیشاندانی ئاشتیانە بدات وهەروەها ئاماژەی بەوە دا

کە ئەمریکا شانبەشانی گەلی ئێران خەمبارە بۆ مردنی ژینا.

### (٣-٣-٢-٢) هەرەشەکردن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت:

پەیوەندی ئینتەرنێت لە ناوچە جیاجیاکانی وڵاتدا بەشێوەییەکی بەرچاو دابەزیووە، لە کاتی نارەزایەتییەکانی ناوخۆدا ئەنتەرنێت پچڕاوە، بەهۆی ئەمەوە هاوکاری وپاڵپشتی دەرەکی بینرا بۆ ئەم نارەزایەتییانە، ئەمەش لە دوای تویتێک کە ئیلۆن ماسک بەرێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیایی (سپیس ئێکس)وە دەستپێکرد، ئەویش بەهۆی دابینکردنی ئینتەرنێتی بێبەرامبەر بۆ ئێرانییەکان لە رێگەی سیستەمی(ستارلینک).

### (٣-٣-٢-٣) رەخنەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ:

رێکخراوەی لێبوردنی نێودەوڵەتی(منظمة العفو الدولية) داوای کردووە«لێکۆڵینەوەیەکی تاوانکاری لەو بارودۆخە بکرێت کە بویتە هۆی مردنی گوماناوی ژینا» کە لەوانەیە لە ئەگەری ئەشکەنجەدان وخراپ

مامەڵەکردن لە کاتی دەستبەرسەرکردندا بێت (المعهد الدولي للدراسات الإيرانية، ٢٠٢٢: ١٣-١٤).

خۆپیشاندانەکانی ئێران هەڵوێستی ناوچەیی ونێودەوڵەتیی جیاوازیان وەرگرت، بە شێوەیەکی گشتی، زانینی هەڵوێستی ئەمریکا لەمبارەیەوە گرنگە، بە تایبەت دوای ئەوەی لە لایەن خامنەیی تۆمەتبار کرا بەوەی «نارەزایەتییەکان دروستکراوی "ئەمریکی-زایۆنیستی"»ن؛ وە سەرۆکی ئەمریکاش بایدن رایگەیاند، وڵاتەکەی سزای زیاتر بەسەر ئێران دەسەپێنێت بەهۆی ئەو سەرکوتکردنەی کە لە دژی خۆپیشاندەرانی ئاشتیخواز بەکاردێنیت، سەبارەت بە لایەنی دووەمی تۆمەتبارکراوی خامنەیی کە "ئیسرائیل"ە؛ هیچ هەڵوێستێکی روون و فەرمی دەرنەچوو لە لایەن "ئیسرائیل"ەوە، بەڵام بەرپرسی موساد وتی: "خۆپێشاندانەکانی ئێران دەستیان کردووە بە وەرچەرخان بەرەو راپەرینی جەماوەری، بەڵام هیچ مەترسییەکی راستەقینە لەسەر رژێم نییە"، وە روسیا لە بارەی نارەزایەتییەکانی ئێران رەخنەی لە ئەمریکا گرت و وتی: جێگای نیگەرانییە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا باس لە نارەزایەتییەکانی ئێران دەکات، لە بری ئەوەی کار لەسەر گێرانەوەی پلانی هەمەلایەنەی

هاوبەش بکات سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران (مرکز الحوار السوري، ٢٠٢٢: ٤-٥).

## (٣-٣-٢-٤) کاریگەری نارەزایەتییەکانی ٢٠٢٢ لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران و رۆژئاوا:

بە گشتی نائارامییەکانی ئێران لە خودی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە زیاتر تێڕوانینەکانی ڕۆژئاوای بۆ ئاڵەنگارییەکان گۆڕیوە، وە هەوڵدانی گروپە جیاوازەکان دژ بە گەڕاندنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران لە ساڵی ٢٠١٥ لەگەڵ زلهێزەکانی جیهان ئێستا زیاتر پاڵ بە ئیدارەی "جۆ بایدن"ی سەرۆکی ئەمریکاوە دەنێن تاکو دەست لە قۆناغی وتوێژ و دانووستانەکان هەڵبگرێت، کە بەشێوەیەکی نیمچە فەرمی لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ٢٠٢٢ەوە لە دۆخێکی پەنهان و نادیاردایە، لەگەڵ ئەوەشدا، حکومەتی ئەمریکایە بڕیار دەدات کە ئایا دەیەوێت ملکەچی ئەم فشارە سیاسییە بێت و حکومەتی ئێران لەبەردەم هیوایەکی نوێ و ئاسۆیەکی هەمیشەیی بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی بهێڵێتەوە، لەکاتێکدا مەترسییەکان قبووڵ دەکات، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنێک کە بتوانێت سەقامگیری ستراتیژی بۆ پەیوەندییە دووقۆڵییەکان و ناوچەکە

بگەڕێنێتەوە، یان هەڵەکان لە هەژمارکردنی نارەزایەتییەکانی ئێران و گریمانەی بەردەوام بوونیان لە داهاتوودا لەبەرچاو دەگرێت (یارئەحمەد، ٢٠٢٣: ١٤٦).

ئەمریکا بە ئاشکرا جەختی لەوە کردووەتەوە کە دانوستانەکان بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو ڕێککەوتنەی کە لە ساڵی ٢٠١٨دا بە شێوەیەکی تاکلایەنە بڕیاری وەستاندنی دابوو، (ئەگەر جێبەجێ بکرێت)، سزا توندەکانی سەر ئێران هەڵدەگرێت، لە هەمانکاتدا ئەوەی ئێستا بەدی دەکرێت، جووڵاندنی کارنامە ئەتۆمییەکەی ئێران نییە، بە تایبەت بەرنامەی (کەمکردنەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی تاران) لە پێشینەی کارەکان نییە، چونکە نارەزایەتییەکان لە ئێراندا بەردەوامن و ئەگەری سەرهەڵدانەوەیان هەیە، نوێنەرانی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئێران و یەکێتیی ئەورووپا لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ لە ئوردن کۆبوونەوە، هەردوولا ئاماژەیان بەوە کرد، کە لەگەڵ گەڕانەوە بۆ پلانی هەمەلایەنەی هاوبەشی کارکردن (JCPOA)ن، وەک ئەوەی

ڕێککەوتنەکە بە فەرمی ناسراوە، بەڵام دەنگۆکانی جموجۆڵ و گریمانەی سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتیەکان وایکردووە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا چاوەڕوانی هیچ پێشکەوتنێکی دەستبەجێ نەکرێت؛ لای خۆیەوە ئێرانیش ڕایگەیاندووە کە ئیمتیازات و هەنگاوی نوێ نانێت چونکە نائارامییە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەی فشارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی لەسەر زیاد کردووە، وە پێدەچێت تاران لە ئەنجامی فشاری دەرەکیدا کە بەهۆی نارەزاییە ناوخۆییەکانیەوە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە ئامانج و تاکتیکی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی بکات، بەڵام تۆمەتەکانی پڕچەککردنی ڕووسیا بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ شەڕی ئۆکرانیا ڕەنگە هەندێک گۆڕانکاری نایاسایی بەدیبێنێت، هەرچەندە ڕووسیا پەیوەندی گەرمی لەگەڵ ئێران هەیە، بەڵام تاران پێی باشترە بەشێکی ڕاستەوخۆی شەڕەکە نەبێت، ئەویش بەهۆکاری ئەوەی بەرژەوەندییەکی ئەوتۆی لەو شەڕەدا نییە، لەمەوە پێدەچێت کە ئێران ڕێبازێکی وردتر لە پشتیوانیکردنی ڕووسیادا بگرێتەبەر، بەم شێوەیە

تاران وێڕای پاراستنی پاڵپشتیی هاوپەیمانان لە یەمەن، سوریا، لوبنان و عێراق، هێڵەکانی پەیوەندی لەگەڵ عەرەبستان بە کراوەیی دەهێڵێتەوە و حوسێن ئەمیرعەبدوڵلاهیان وەزیری دەرەوەش لەسەرەتای ساڵی ڕابردوو ڕایگەیاند، کە ئێران سیاسەتێکی کراوەیە بۆ ئەنجامدانی دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ میسریشدا دەگرێتەبەر (یارئەحمەد، ٢٠٢٣: ١٤٦-١٤٨).

بۆیە گرنگە ئەمە ببەسترێتەوە بە بەردی بناغەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئێران کە ڕێککەوتنی ئەتۆمییەکە پێی دەگوترێت پلانی هەمەلایەنەی هاوبەشی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران (JCPOA)کە ئەمەش ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگ بوویەوە سەرەنجامی هەڵکشانی زنجیرەیەک هەنگاو لە نێوان ئێرانییەکان و ڕۆژئاوادا لە ئەنجامی داواکاری ئێران بە ڕاگرتنی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی دوای دۆزینەوەی شوێنەواری یۆرانیۆم لە سێ شوێنی ئەتۆمی کۆن و ڕانەگەیەندراودا، دوای ئەوەی ئێران بڕیاریدا پیتاندنی لە یەکێک لە شوێنە ئەتۆمییەکانیدا بە ڕێژەی ٦٠٪ زیاد

بکات، ئەمەش وەڵامی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، بەتایبەتی دوای نائومێدیەکانی ئەوروپا لە هەڵوێستە توندەکانی ئێران، کە ئەمەش بووە هۆی گۆڕانی هەڵوێستی ئەوروپا بەرامبەر تاران، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئێرانییەکان پێشنیارەکانی ئەوروپای پەیوەست بە هەموارکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمییان ڕەتکردەوە، بەو پێیەی ئەوروپییەکان پێیان وایە ئەو پێشنیارانەی کە بۆ هەموارکردنەوەی ڕێککەوتنەکە پێشکەشیان کرد، لە ڕادەبەدەر نەرم بووە، هەروەها ئیمتیازاتی گەورەی تیادا بوو بۆ ئێران، لەوانەش سەپاندنی سزای دارایی بەسەر ئێراندا، ئەگەر ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە؛ ڕەنگە ڕێگە خۆش بکات بۆ ئەوەی دۆسیە ئەتۆمییەکەی ئێران ڕەوانەی ئەنجومەنی ئاسایش بکرێت، پێدەچێت هەڵوێستی ئەمریکا هیچ پەلەیەکی نەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ وڵاتێک کە بەدەست ئاژاوی ناوخۆییەوە دەناڵێنێت، بەتایبەتی لەگەڵ بەردەوامی توندتر بوونی هەڵوێستەکانی ئێران، بەڵام لەلایەکی ترەوە، بە تێڕوانینێکی دیکە ڕەنگە کاریگەری لەسەر

هەڵوێستی بایدن لە هەڵبژاردنەکانیساڵی ٢٠٢٤دا هەبێت، لە کاتێکدا چاودێرانی دیکە سەرنجیان دا کە هەر ڕێککەوتنێکی ئەتۆمی دەبێتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی ڕووسیا سوودی لێ ببینێت، بەهۆی پێداگرییەکەی لەسەر گەرەنتیکردنی بەرژەوەندییەکانی لەم جۆرە ڕێککەوتنانەدا، جگە لەوەش ئۆپۆزسیۆنی چاکسازی ئێران لە ڕووی سیاسییەوە ئەو پرسە دەقۆزێتەوە؛ ڕەخنەکانی لە حکومەتەکەی ڕەئیسی زیاتر دەکات و تۆمەتباری دەکات بە نەبوونی ئەزموونی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیە دەرەکییەکان، بەتایبەتی سەبارەت بە کۆسپی دانوستانەکان بۆ دووبارە هەنگاونان بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، دواتریش بەردەوامی فشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و گەڕانەوەی بۆ چڕکردنەوەی سزاکان، و لە هەمان کاتدا سیاسەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێران دوور لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئامانجە خوازراوەکانی بەدەست نەهێنا، لەوانەش، بەهۆی دابەزینی شەرعیەتی حکومەتەکەی ڕەئیسی، کە ئەو

حکومەتەیە کە بە لاوازترین بەشداری هەڵبژاردن هاتە سەر دەسەڵات (مركز الحوار السوري، ٢٠٢٢: ٦-٧).

ئەمریکا هەمیشە کێشەی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئێراندا هەبووە، بەڵام دوای ئەو شەپۆلی نارەزایەتییەی کە ساڵێک لەمەوبەر بەهۆی کوژرانی مەهسا ئەمینیەوە سەریهەڵدا، پەیوەندیی زیاتر ئاڵۆزتر بوو، کۆمارییەکان هێرشیان کردە سەر جۆ بایدن سەرۆک کۆماری ئەمریکا کە نزیکەی هاوکات لەگەڵ ساڵڕۆژی بزووتنەوەی نارەزایەتییەکان ڕازی بووە بە ڕێککەوتنێک کە داهاتی نەوتی ئێران بە بەهای شەش ملیار دۆلار ئازاد بکات لە بەرامبەر گەڕانەوەی پێنج زیندانی ئەمریکی. (العرب، ٢٠٢٣)، هەروەها لەزۆربەی سەرچاوەکاندا هاتووە کە واشنتۆن نایەوێ ڕژێمی ئێران بڕوخێ وهیچ کاتێک باسی ئەوەی نە کردووە تەنها داوا لە ئێران دەکات کە واز لەبەرنامەی ئەتۆمی خۆی بێنێت (الجزيرة، ٢٠٢٢).

بەشێوەییەکی گشتی بۆمان دەردەکەوێت کە ئێران لەگەڵ ئەو سیاسەتە سەرکوتکردنەی کە بەکاریهێنا لە دژی

خۆپیشاندەرەکان لەئاستی ناوخۆ، لەسەر ئاستی هەرێمیش پێداچوونەوە بە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی کرد بەتایبەت لەگەڵ سعودیە کە ماوەیەک بوو پەیوەندیان خراپ بوو، ولە ئاستی نێودەوڵەتیش سەرەڕای تاوانبارکردنی ئێران لەلایەن زۆربەی وڵاتە رۆژئاواییەکان، سەبارەت بە هەڵوێستی توندی ئێران لەبەرامبەر خۆپیشاندەرەکان لە نارەزایەتییەکانی ٢٠٢٢ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێران هێشتان لەهەوڵی ئەوەدایە کە پەیوەندییەکانی باشتر بکات لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا سەبارەت بە دۆسەی ئەتۆمی وپشتگیری نەکردنی ئەمریکا بۆ ڕووخانی ڕژێمی ئێران.

## دەرئەنجام:

لە کۆتاییی ئەم توێژینەوەیەدا دوای ئەوەی لە بەشی یەکەم جەختمان کردە سەر سیستەمی سیاسی وسیاسەتی دەرەوەی ئێران، وە لە بەشی دووەم خۆپیشاندان وناڕەزایەتی ئێرانییەکان لە دژی سیستەمی سیاسی ئێرانمان تاوتوێ کرد، وە لە بەشی سێیەم تیشکمان خستە سەر کاریگەری ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٢٢ لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران گەیشتینە چەند دەرەنجامێک، گرنگترینیان ئەمانەن:

١. سیستەمی سیاسی لە ئێران لە کۆمەڵێک دامەزراوەی فەرمی ونافەرمی پێکهاتووە، کە سیمایەکی ئالۆزی پێوە دیارە، وە لە سەرووی هەموو دامەزراوەکان ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیە کە لە لوتکەی دەسەڵاتە ،وە سیستەمی سیاسی لە ئێران کاریگەری هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوە چ لە ڕووی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی یان لەڕووی سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر وڵاتانی دەوروبەری ئەمەش بە ئاشکرا دیارە لە ڕێگەی یارمەتیدانی ئێران بۆ پارتە شیعە مەزهەبەکان لە عێراق وپشتیوانی کردنی ڕژێمی بەشار ئەسەد وحزبوڵای لوبنانی، وگێڕانی ڕۆڵی سەرکردە

لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری ئابووری و هێزی دانیشتوانی و جوگرافی سەڕەرای هێزی سەربازی.

٢. هۆکاری سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە وەک بەرزبوونی ڕێژەی بێکاری، وهەژاری لەوڵاتدا، وزۆرلێکردن بۆ پۆشینی سەرپۆش لەسەر ژنانی ئێرانی، خراپی دۆخی مافی مرۆڤ وسنورداركردنی ئازادییە مەدەنییەکان، خراپی کارگێڕی وزیادبوونی گەندەڵی، ناسەقامگیری سیاسی، وهەروەها دەستێوەردانی بەردەوامی ئێران لە کاروباری ناوەخۆیی وڵاتانی تر، بەرزبوونی ڕێژەی هەڵاوسان، کەمی توانایی حکومەت لە چارەسەرکردنی قەیرانەکان وچەندین هۆکاری تر ئەم هۆکارانە وایکرد کە ناڕەزایەتییەکان لە ئێران ببێتە کلتورێکی نزیکی هەمیشەیی لە ژیانی هاوڵاتیانی ئێران.

٣. هاوکات لەگەڵ سەرکوتکردنی ناوخۆیی ئێران، لە ئاستی دەرەوە و بە تایبەت لەسەر ئاستی هەرێمی هەوڵی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی دا بەتایبەت لەگەڵ سعودیە کە گەیشتنە واژوو کردنی ڕێکەوتنێک بە نێوەندگیری چین، وهەروەها لەگەڵ عێراق سەبارەت بە

ڕێکەوتنی ئەمنی، وهەروەها لەبارەی سەردانی شاندێکی بزوتنەوەی تاڵیبان بۆ ئێران ودیدارەکەی لەگەڵ بەرپرسانی ئێران لەکاتێک کە ئێران بە بارودۆخێکی خراپ تێدەپەڕی، وهەرچی سەبارەت بە ئاستی نێودەوڵەتی هەر چەندە ئێران لەلایەن زۆربەی وڵاتە ڕۆژ ئاواییەکان ڕەخنەی لێ گیرا بەهۆی ئەو سیاسەتە توندڕەوی کە بەکاردەهێنا لەدژی خۆپیشاندەرەکان، بەڵام ئێران هەوڵێدا کە گەڕێکی نوێی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا سازبکات سەبارەت بە ڕێکەوتنی ئەتۆمی وئازادکردنی پارە بلۆککراوەکانی لەلایەن ئەمریکاوە، وە بۆ ئەوەی ئەمریکا پشتیوانی نەکات لە ڕووخانی ڕژێمی ئێران.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

### أ. کتێبەکان:

١. حسێن، شەماڵ. (٢٠١٨). *سیاسەتی دەرەکی*، بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، هەولێر: نوسینگەی تەفسیر.

٢. رەحیم، پەروێز. (٢٠١٤). *بنەماکانی هزری وچوارچێوەی تێوریی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران*، هەولێر: چاپخانەی موکریانی.

٣. فاتح، محمد. (٢٠١٨). *ژیانی سیاسی لە ئێران*، هەولێر: دەزگای چاپ وپەخشی نارین.

٤. هەردی، دیلان. (٢٠١٩). *ڕێژیمی سیاسی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم وتۆتالیتاریزمدا*، هەولێر: ناوەندی چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاوێر.

٥. یان، یەرپە. (٢٠٠٤). *دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەئێران*، وەرگێڕان لە سویدیەوە/ فایەق سەعید، هەولێر: دەزگای چاپ وپەخشی ئاراس.

### ب. نامە و تێزەکان:

١. احمد، احمد عبدالكريم. (٢٠٢١). *ڕۆڵی ئێران لە قەیرانی سوریا دوای ٢٠١١*، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوەتەوە)، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، بەشی سیستەمە سیاسیەکان وسیاسەتی گشتی -زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.

## ج. توێژینەوە زانستییەکان:

١. یارئەحمەد، ژیلوان لەتیف. (٢٠٢٣). ئایندەی جووڵانەوەو نارەزاییەکانی ئێران لە بەردەم شکست وبەردەوامیدا، *وەرزنامەی ئێراننناسی*: سەنتەری لێکۆڵینەوەیی ئایندەیی، ژمارە(٧)، ساڵی(دووەم)، (نیسانی ٢٠٢٣)، سلێمانی، ل.ل١٤٠-١٥٠.

## د. سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان:

١. ڕەحیم،پەروێز. (٢٠٢٣). *بزووتنەوەی ژینا وسیناریۆکانی داهاتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران: هەڕەشەو دەرفەتەکان*"، وتار، سایتی پێنووس، بەستەر: https://٢u.pw/chj٣geu، مێژووی دوا سەردانیکردن: ١٨-١-٢٠٢٤.

٢. *سایتی ئاشتی ماڵپەڕی فەرمی بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان*. (٢٠١٨). خۆپێشاندانەکانی ئێران،

وتار، بەستەر: https://shorturl.at/bempv، مێژووی دوا سەردانیکردن: ١٩-١-٢٠٢٤.

## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

### أ. کتێبەکان:

١. أبو داود، السيد. (٢٠١٤). *تصاعد المد الإيراني في العالم العربي*، الرياض: مكتبة العبيكان.
٢. الباكستاني، إحسان إلهي ظهير. (١٩٩٥). *الشيعة والتشيع: فرق وتأريخ*، باكستان: إدارة ترجمان السنة.
٣. الكاتب، أحمد. (٢٠٠٥). *تطور الفكر السياسي الشيعي من الشورى إلى ولاية الفقيه*، بيروت: الدار العربية للعلوم.
٤. نافع، موسى؛ عتريسي، طلال. (٢٠٠٨). *إيران الدولة والأزمة*، قطر: مركز جزيرة للدراسات.

### ب. نامەو تێزەکان:

١. الخزرجي، حمد جاسم. (٢٠١٠). "*مستقبل النظام السياسي في جمهورية إيران الإسلامية*"، رسالة ماجستير(منشورة)، بغداد: جامعة النهرين، كلية العلوم السياسية، قسم النظم السياسية والسياسات العامة.

### ج. توێژینەوە زانستییەکان:

٢. حسن، حسين صوفي. (٢٠٠٧). "السياسة الخارجية لجمهورية ايران الإسلامية"، *مجلة الراصد*: ألكترونية

شهرية، العدد(٥٢)، (شهر أكتوبر)، صص٦٨-٨٢، متاح على الرابط: https://shorturl.at/auxP٨، (الوصول: ٢٠-١٢-٢٠٢٣).

٣. ذاري، هديل حربي. (٢٠٢١). "الموقف الأمريكي من البرنامج النووي الإيراني (٢٠٠٩ - ٢٠١٩)"، *مجلة قضايا سياسي*، العدد (٦٤)، بغداد: جامعة النهرين، كلية العلوم السياسية، صص١-١٩.

٤. العبيدي، محمد عبدالرحمن. (٢٠٠٨). "تركيبة النظام السياسي في الجمهورية الإسلامية، العراق"، *مجلة دراسات إقليمية*، ٤(٩)، الموصل: مركز الدراسات الإقليمية، صص ١٥٧-١٨١.

٥. عوض، داليا مؤنس. (٢٠١٦). "أسباب الثورة الإسلامية في إيران ١٩٧٩"، *مجلة بحوث الشرق الأوسط*، ٤٠(٤)، مصر: جامعة عين شمس، مركز بحوث الشرق الأوسط والدراسات المستقبلية صص٢١٣-٢٢٦.

٦. لطيف، ماهر. (٢٠١٦). "الأزمة في إيران: تجليات الثيوقراط الشيعي في الساحة السياسية المعاصرة"، قطر: مركز حرمون *للدراسات المعاصرة*، صص ٣-٢٩.

٧. مركز *الخليج العربي للدراسات الإيرانية*. (٢٠١٨). "الحركات الاحتجاجية وأزمات النظام السياسي في إيران"، صص ٤-٢٨، متاح على الرابط: https://shorturl.at/myLO١، الوصول: ٢٥-١٢-٢٠٢٣.

٨. مركز *الفكر الاستراتيجي للدراسات*. (٢٠١٨). "الاحتجاجات في إيران، الأسباب والمآلات"، اسطنبول،

صص٢-١٢، متاح على الرابط: https://shorturl.at/jmyA٥، الوصول: ٢٥-١٢-٢٠٢٣.

٩. مركز *الفكر الاستراتيجي للدراسات.* (٢٠٢٣). "الاحتجاجات في إيران ومصير النظام الحاكم الإيراني"، اسطنبول، صص ١-١٢، متاح على الرابط: https://shorturl.at/mpIM٧، الوصول: ٢٧-١٢-٢٠٢٣.

١٠. مزاحم، هيتم. (٢٠١٧). "الدين والدولة في إيران: أثر ولاية الفقيه على السياسات الداخلية والخارجية"، مجلة *الدراسات الإيرانية*، المملكة المتحدة: كامبريدج، دار روتليدج، ٥(٢)، صص٩-٢٨.

١١. نجاد، علي فتح الله. (٢٠٢٠). "أربعة عقود مرّت على نشأة الجمهورية الإسلامية الإيرانية: احتجاجات العام ٢٠١٧/٢٠١٨، في خضمّ أزمة ثلاثية": دراسة تحليلية، مركز بروكنجز، الدوحة، عدد(٢٨)، (أبريل ٢٠٢٠)، ص ص. ١-٥١.

## د. سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان:


١. أحمد، زبير. ر؛ شكري، نوزاد. (٢٠٢٣). "ماذا تعني احتجاجات إيران بالنسبة إلى العراق وإقليم كردستان؟"، معهد *واشنطن لسياسات الشرق الأدنى*، مقالة، متاح على الرابط: https://٢u.pw/ly٠٥ZxD، الوصول: ١٦-١-٢٠٢٤.

٢. آلفونة، علي (٢٠٢٣). "احتجاجات ٢٠٢٢-٢٠٢٣ في إيراني: لماذا ينجو النظام؟"، *معهد دول الخليج العربية في واشنطن*، مقالة، متاح على الرابط: https://٢u.pw/Em٤mJNa، الوصول: ١٥-١-٢٠٢٤.

٣. *أمواج ميديا* (٢٠٢٣). "تحليل معمق: اتفاقية أمنية بين إيران والعراق تجاري تسارع وتيرة الدبلوماسية الإقليمية"، مقالة، متاح على الرابط: https://٢u.pw/UMAMHxA، الوصول: ١٧-١-٢٠٢٤.

٤. *إيران انترنشنال* (٢٠٢٣). "صحف إيران: زيارة هنية وتجاهل مظاهرات النظام لدعم غزة و"تواضع" طهران أمام طالبان"، مقالة، متاح على الرابط: https://٢u.pw/BikBkqQ، الوصول: ١٧-١-٢٠٢٤.

٥. *الجزيرة* (٢٠٢٢). "هل تؤثر احتجاجات إيران على موقف واشنطن من مفاوضات الاتفاق النووي؟"، مقالة، متاح على الرابط: https://shorturl.at/djrYZ، الوصول: ١٩-١-٢٠٢٤.

٦. *الجزيرة*. (٢٠١٦). "الحركة الخضراء الإيرانية.. "ثورة" شعبية لم تكتمل"، مقالة، متاح على الرابط: https://shorturl.at/prxC١، الوصول: ٢٨-١٢-٢٠٢٣.

٧. *الجزيرة*. (٢٠١٧). "هيكل نظام الحكم ومؤسساته في إيران"، متاح على الرابط: https://shorturl.at/quBG٦، الوصول: ٢٠٢٣-١٢-٢٥.

٨. *الحرة*. (٢٠٢٢). *"إيران: تاريخ حافل من الاحتجاجات والقمع الدموي"*، مقالة، متاح على الرابط: https://shorturl.at/dDRSW، (الوصول: ٢٠٢٣-١٢-٢٦).

٩. الزاهد مسعود. (٢٠٢٢). "*هذا ما توقعه بحث أكاديمي عن الاحتجاجات في إيران"*، مقالة، متاح على الرابط: https://shorturl.at/gpsuy، الوصول: ٢٠٢٣-١٢-٢٩.

١٠. *ستراتيجيكس*. (٢٠٢٢). *"استمرارية الاحتجاجات في إيران: الدوافع والمسببات"*، مقالة، متاح على الرابط: https://shorturl.at/hknrL، الوصول: ٢٠٢٣-١٢-٢٧.

١١. صابر، شروق. (٢٠٢٣). *"ذكرى وفاة مهسا أميني: أسباب ودلالات عدم تجدد الاحتجاجات"*، الأهرام للدراسات السياسية والاستراتيجية، مقالة، متاح على الرابط: https://shorturl.at/ghosW، الوصول: ٢٠٢٣-١٢-٢٨.

١٢. *صحيفة العرب*. (١٥-٩-٢٠٢٣). "لا بدائل أميركية كثيرة للتعامل مع إيران بعد عام على الاحتجاجات"، ٤٦(١٢٨٩٣)، متاح على الرابط: https://shorturl.at/kKSY٩، الوصول: ١٨-١-٢٠٢٤.

١٣. عبد الحي، سماح عبدالصبور. (٢٠٢٣). *"تشابك الداخل والخارج الأزمات في إيران ما بين الضغوط الداخلية والتدخلات الخارجية"*، مركز الحضارة للدراسات والبحوث، مقالة، متاح على الرابط: https://shorturl.at/EU٠٢٧، الوصول: ١٦-١-٢٠٢٤.

١٤. *عربي بي بي سي نيوز* (٢٠٢١). "الاتفاق النووي الإيراني: ما هو الحل وهل يعاد العمل به؟"، متاح على الرابط: https://shorturl.at/mqMO٢، الوصول: ١٠-٢-٢٠٢٤.
١٥. علي، شيماء. (سبتمبر ٢٠٢١). "القضاء الإيراني: المؤسسة العصية على الإصلاح"، *موقع البيت الخليجي للدراسات والنشر*، متاح على الرابط: https://gulfhouse.org/posts/٤٧٤٣، (الوصول: ٢٦-١٢-٢٠٢٣).
١٦. *مركز الحوار السوري* (٢٠٢٢). "نظرة في الاحتجاجات الإيرانية وانعكاساتها المحتملة على تعقيدات المشهد في المنطقة" -تقرير-، متاح على الرابط: https://shorturl.at/hAO١٩، الوصول: ٢٧-١٢-٢٠٢٣.
١٧. *المعرفة*. (٢٠٢١). "مجلس صيانة الدستور"، متاح على الرابط: https://shorturl.at/jsCW٦، (الوصول: ٢٦-١٢-٢٠٢٣).
١٨. *المعهد الدولي للدراسات الإيرانية* (٢٠٢٢). *"الاحتجاجات الإيرانية الأبعاد والتداعيات"*"تقرير"، السعودية، متاح على الرابط: https://shorturl.at/stAI٩، الوصول: ٢٨-١٢-٢٠٢٣.
١٩. *المعهد الدولي للدراسات الإيرانية* (٢٠٢٣). *"الاتفاقية السعودية الإيرانية وعودة العلاقات الدبلوماسية"*، "تقرير"، السعودية، متاح على الرابط: https://shorturl.at/guH١٣، الوصول: ٢٨-١٢-٢٠٢٣.
٢٠. *منظمة العفو الدولية. (٢٠١٩)*. "استعراض حالة حقوق الإنسان في الشرق الأوسط وشمال أفريقيا لعام ٢٠١٨ "تقرير"، متاح على الرابط: https://shorturl.at/bwMYZ، الوصول: ٢٩-١٢-٢٠٢٣.

٢١.مؤسسة *RAND*. (٢٠١٧). "التحديات الإيرانية الداخلية أمام خطة العمل المشتركة الشاملة، منظور تحليلي رؤى الخبراء بشأن قضايا السياسات الآنية"، متاح على الرابط: https://shorturl.at/jyA١٢، الوصول: ٢٨-١٢-٢٠٢٣.
٢٢.*الميادين نت*. (شباط ٢٠٢٠). "ما هو مجلس خبراء القيادة الإيراني، وما دوره؟"، متاح على الرابط: https://shorturl.at/yEJR٧، (الوصول: ٢٠٢٣/١٢/٢٤).
٢٣.*نصح*. (نوفمبر ٢٠١٦). "مدخل إلى النظام السياسي في إيران"، متاح على الرابط: https://shorturl.at/agnFM، (الوصول: ٢٠٢٣/١٢/٢٥).

## سێیەم: سەرچاوە فارسییەکان

### أ. گۆڤار:

١. حکمت منصور. (١٩٩٨). "اوضاع سیاسی ایران"، میزگرد، *پرسش*، شماره(اول دسامبر)، صص٥-١٠.

### ب. سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان:

١. افشاری، علی. (٢٠١٣). "١٨ تیر ٧٨ و میراث دوگانه آن برای جنبش دانشجویی"، *سایت دوو*، در لینک موجود است: https://shorturl.at/ghMZ١، آخرین بازدید: ٣٠-١٢-٢٠٢٣.

## چوارەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

### أ. سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:


١. Azizi, Hamidreza & Veen, Erwin. (March ٢٠٢٣). '*Protests in Iran in comparative perspective a revolutionary state in trouble'*, 'CRU Report', Netherlands Institute of International Relations 'Clingendael', available at: https://shorturl.at/egEGS, [Accessed: ٢٥ Dec ٢٠٢٣].

٢. katzman, Kenneth. (٢٠١٥). '*Iran's Foreign Policy', Congressional Research Service* , available at: https://shorturl.at/wKU٦٨, [Accessed: ٢٥ Dec ٢٠٢٣].

٣. Mittelhammer, Barbara & Adebahr, Cornelius. (٢٠٢٣). '*Half a year of feminist in Iran Civil society perspectives*', the regional dimension and required EU action, the Delegation of Die Linke in the European Parliament, Belgium, Available at:

https://shorturl.at/ptGLW, [Accessed: ١٤ Dec ٢٠٢٣].

٤. *The Danish Immigration Service*. (٢٠٢٣). 'Iran: protests ٢٠٢٢-٢٠٢٣', Available at: https://٢u.pw/qamR١١A, [accessed ٣١ Dec ٢٠٢٣].

# پێڕست

پێشەکی ........................................................................ ١
گرنگی توێژینەوە: ............................................................ ٣
ئامانجی توێژینەوە:............................................................ ٣
پرسیاری توێژینەوە: ....................................................... ٤
پرسیاری لاوەکی :.............................................................. ٤
گریمانەی توێژینەوە: ....................................................... ٤
میتۆدی توێژینەوە: ........................................................... ٥
پێکهاتەی توێژینەوە:......................................................... ٥
(١) سیستەمی سیاسی وسیاسەتی دەرەوەی ئێران..... ٧
(١-١) بنەما وچوارچێوەی سیستەمی سیاسی لە ئێران ................................................................. ٧
(١-١-١) بەرپرسیارێتی ودەسەڵاتەکانی ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی (ڕێبەر):.......................... ١٤
(١-١-٢) سەرۆکی کۆمار...................................... ١٦
(١-١-٣) ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ................ ١٧
(١-١-٤) ئەنجومەنی پارێزەرانی دەستوور ......... ١٨
(١-١-٥) ئەنجومەنی شارەزایانیرێبەری (مجلس خبراء القيادة)........................................................ ٢٠
(١-١-٦) ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوندییەکانی سیستەم : ........................................................ ٢١
(١-١-٧) ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی: ........... ٢١
(١-١-٨) دەسەڵاتی دادوەری: ............................. ٢٢

(١-٢) چوارچێوە و بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران ........................................ ٢٣
(١-٢-١) چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران........................................................ ٢٣
(١-٢-٢) بنەماکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران:... ٣٠
(١-٢-٣) کاریگەری سیستەمی سیاسی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران .................................. ٣٣
(٢) خۆپیێشاندان ونارەزایەتی لە ئێران لە دژی سیستەمی سیاسی ........................................... ٤١
(٢-١) خۆپیێشاندان ونارەزایەتی لە ئێران دژی سیستەمی سیاسی دوای ساڵی ١٩٧٩: ............... ٤١
(٢-١-١) نارەزایەتیەکانی خوێندکاران لە ساڵی ١٩٩٩: ............................................................ ٤٢
(٢-١-٢) بزوتنەوەی سەوز لە ساڵی ٢٠٠٩ ....... ٤٥
(٢-١-٣) نارەزایەتییەکانی ساڵانی (٢٠١٠-٢٠١٢)٤٧
(٢-١-٤) نارەزایەتییەکانی ساڵانی (٢٠١٧-٢٠٢٠)٤٩
(٢-٢) هۆکار وپاڵنەرەکانی نارەزایەتیەکان لە دژی سیستەمی سیاسی لە ئێران................................ ٥٢
(٢-٢-١) هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان........................ ٥٢
(٢-٢-٢) هۆکارە ئابوورییەکان ........................... ٥٤
(٢-٢-٣) هۆکارە سیاسییەکان............................. ٥٨
(٢-٢-٤) دۆخی مافی مرۆڤ............................... ٦١
(٢-٣) خۆپیشاندانی ساڵی ٢٠٢٢: سەرهەڵدان، پاڵنەر

وهۆکارەکان ........................................................ ٦٤
(٢-٣-١) سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی ٢٠٢٢ :........ ٦٤
(٢-٣-٢) پاڵنەر وهۆکارەکانی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠٢٢:.............................. ٦٩
(٢-٣-٣) خاڵە لاوازەکانی ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٢٢ی ئێران:............................................................. ٧٣
(٣) کاریگەری ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٢٢ لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران.................................. ٧٥
(٣-١) کاریگەری ناڕەزایەتییەکان لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی وکاردانەوەی حکومەت: ........................ ٧٥
(٣-١-١) سیناریۆی سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان لەلایەن ڕژێمی ئێران............................................ ٧٨
(٣-١-١-١) شێواز و میکانیزمەکانی پەیڕەوکردنی سیناریۆکە: ........................................................ ٧٩
(٣-١-١-٢) ئەگەرەکانی شکستی سیناریۆکە....... ٨٣
(٣-٢) کاریگەری ناڕەزایەتییەکان لەسەر سیاسەتی هەرێمایەتی ئێران............................................... ٨٦
(٣-٢-١) ڕێکەوتنی نێوان ئێران وسعودیە........... ٨٦
(٣-٢-٢) پەیوەندی ئێران لەگەڵ عێراق وهەرێمی کوردستان ........................................................ ٩٢
(٣-٢-٣) ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەفغانستان ........................................................ ٩٦
(٣-٣) کاریگەری ناڕەزایەتییەکان لەسەر سیاسەتی

دەرەکی ئێران.................................................٩٦
(٣-٣-١) ئاوێتەبوونی نارەزایەتیەکانی ئێران لەگەڵ دۆسیەکانی تر.................................................٩٧
(٣-٣-٢) هەڵوێستی نێودەوڵەتی سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی ئێران....................................٩٩
(٣-٣-٢-١) نارەزایی ئەمریکا وئەوروپا............٩٩
(٣-٣-٢-٢) هەرەشەکردن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت:................................١٠٠
(٣-٣-٢-٣) رەخنەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ:................................................١٠٠
(٣-٣-٢-٤) کاریگەری نارەزایەتییەکانی ٢٠٢٢ لەسەر پەیوەندییەکانی ئێران و رۆژئاوا:..........١٠٣
دەرئەنجام:................................................١١١
لیستی سەرچاوەکان.......................................١١٥

لە ماوەی چەند دەیەی رابردوو پرسی ئازادیی ومافەکان لەلایەک وگوشارە ئابوورییەکان لەلایەکی ترەوە، پانتاییەکی زۆری لە قەیرانی نێوخۆیی ئێراندا داگیرکردووە، بۆیە؛ بینیومانە خەڵکی ئەو وڵاتە لە چەندین بۆنە و بە چەندین شێوە نارەزایەتیان دەربڕیوە، هەندێ جار ئاستی نارەزایەتی گەیشتووەتە ئاستی هەڕەشە لەسەر رژێمە سیاسییەکەی؛ ئەمەیش کاریگەری جۆراوجۆری دروست کردووە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەوەیشدا؛ بەتایبەتی تر کاریگەری هەبووە لەسەر توانای حکومەتی ئێران بۆ گرنگیدان بەکاروباری ناوخۆ و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دەرەوە، هەروەها ڕەنگە نارەزایەتییەکان ببنە هۆی گۆڕانکاری لە ئەولەویەتە سیاسییەکانی حکومەت و وابکەن زیاتر سەرنج بخرێتە سەر چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان نەک دەستوەردان لە کاروباری وڵاتان لەسەر ئاستی دەرەوە، بەڵام کاریگەری نارەزایەتییەکان لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەندە بە زۆر فاکتەری سیاسی، ئابووری وکۆمەڵایەتی کە ئەمانە دەتوانێت لەگەڵ گەشەی ڕووداوەکاندا بگۆڕدرێن.

